# بەرپرسیارێتیە یاساییەکانی بڵاوکردنەوەی هەواڵی تاوان لە میدیای نوێ دا
## توێژینەوەیەکی تیۆریی شیکارییە

**م.کامل عمر سلیمان*      پ.د.عمر احمد رمضان**      پ.د.سامان فوزی عمر*****

وشە کلیلییەکان:  تاوان، هەواڵی تاوان، بەرپرسیارێتی یاسایی، میدیای نوێ
https://doi.org/10.31271/jopss.10103

**پوختە**

ئامانج لە ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە، زانین و دەرخستنی ئاستی رەچاوکردنی پابەندبوونە بە بەرپرسیارێتیە یاساییەکانی بڵاوکردنەوەی هەواڵی تاوان لە میدیای نوێی کوردی دا. هەروەها لەڕێی بەکارهێنانی میتۆدی شیکارییەوە، شیکردنەوە بۆ نموونەی بڵاوکراوەی هەواڵی تاوان لە میدیای نوێی کوردیو ئەو دەقو بڕگە یاساییانەی پەیوەستن بە بەرپرسیارێتی یاسایی لە بڵاوکردنەوەی هەواڵەکانی تاواندا، کراوە. ئەم توێژینەوەیە بە چەند ئەنجامێك گەیشتووە، لەوانە: لە نموونە بڵاوکراوەکانی هەواڵی تاواندا، بڵاوکردنەوەی زانیاری لەبارەی لایەنە ناکۆکەکانی تاوان وەك: ناوو وێنەی تۆمەتبار، پێشینەو دانپیانانی تۆمەتبار، ناوو وێنەی تۆمەتباری منداڵو مێردمنداڵ، وێنەی تاوانلێکراو و زانیاری لێکۆڵینەوەی دادوەریی، بوونی هەیە. هەروەها بە خوێندنەوەو راڤەکردنی دەقە یاساییەکان، بڵاوکردنەوەی زانیاریی لەبارەی لایەنە ناکۆکەکانی  تاوان هەیەو لەڕووی یاساییەوە پێشێلکارییەو ئەگەری زیان گەیاندنی بە رەوتو رێکاری پرۆسەی دادوەریی داوا تاوانکارییەکان هەیە

**ملخص**

**المسؤوليات القانونية لنشر الأخبار عن الجرائم في وسائل الإعلام الجديدة**

**دراسة نظرية تحليلية**

الهدف من هذا البحث هو تحديد مستوى الالتزام بالمسؤوليات القانونية لأخبار الجريمة في الإعلام الكردي الجديد. كذلك ، وباستخدام الأساليب التحليلية ، تم اتخاذ تحليل لأمثلة من منشورات أخبار الجريمة في وسائل الإعلام الكردية الجديدة والنصوص والأحكام القانونية المتعلقة بالمسؤولية القانونية

* بەشی راگەیاندن/ کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان/ زانکۆی سلێمانی kamil.sleman@univsul.edu.iq

** بەشی راگەیاندن/ کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان/ زانکۆی سلێمانی omer.ramazan@univsul.edu.iq

*** بەشی یاسا/ کۆلێژی یاسا/ زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی samanfawzi@uhd.iq

لنشر أخبار الجريمة. وقد توصل هذا البحث إلى عدة استنتاجات منها: في الأمثلة المنشورة لأخبار الجريمة ، نشر معلومات عن الجوانب المتضاربة للجريمة مثل: اسم وصورة المتهم. التهم، اعترافات المتهم، اسم وصورة المتهم. المتهم، صورة المتهم ومعلومات التحقيق القضائي متوفرة. هناك قراءة وتفسير النصوص القانونية، ونشر المعلومات عن الأطراف المتنازعة في الجريمة، والإجراءات القانونية.

**Abstract**

**Legal Responsibilities for Publishing Crime News in New Media**

**An analytical theoretical study**

The aim of this research is to demonstrate the current level of Kurdish media's commitment to legal and ethical responsibilities while covering crime news. By employing analytical methodologies, an examination has been conducted on instances of crime news coverage within the context of Kurdish new media, alongside an exploration of legal documents, texts and provisions pertaining to the editorial accountability surrounding the dissemination of crime-related news and its treatment within judicial frameworks. This research has reached several conclusions: Kurdish new media has violated the core principle of "the accused is innocent until proven guilty". Sometimes, Kurdish media act as a quasi-court, irresponsibly covering crime news and portraying the accused as guilty without sufficient evidence. Moreover, in the context of Kurdish new media, crime news has often been handled irresponsibly, with illogical portrayals of the crimes, and at times, the guilty and the accused are depicted as heroes in the new media channels.

# پێشەکی

پێشکەوتنی بەردەوامی تەکنەلۆژیا کە بووە هۆی سەرهەڵدانی ئامرازە نوێیەکانی میدیا، پرۆسەی بڵاوکردنەوەی هەواڵو ڕووداوەکانی زیاترو خێراتر کرد بەتایبەت ئەو هەواڵو بابەتانەی پەیوەستن بە تاوانو دادگاکانەوە، چونکە تایبەتمەندیو سروشتێکی سەرنجراکێشان هەیەو خەڵك حەز بە زانینیان دەکەن. بڵاوکردنەوەی هەواڵەکانی تاوانو دادگا، پشتبەست بە مافی ئازادی ڕادەربڕین و ڕۆژنامەگەریی کە دەستوور گەرەنتی کردووە، بە مافی ڕەوای ئامرازەکانی ڕاگەیاندنو ڕاگەیاندکاران دەزانرێتو مەبەستیش لێیان دڵنیاکردنەوەی خەڵکە لەباش بەڕێوەچوونی ڕەوتی دادپەوەریی، لەهەمانکاتدا مافی خەڵکە بزاننو ئاگاداربن لە تاوانو پێشێلکارییە یاساییەکان، تاوەکو خۆیانی لێ بەدووربگرنو خۆیان بپارێزن، هەروەها بۆ ئاگاداربوونیانە لە هەموو ئەوانەی لە کۆمەڵگە ڕوودەدەنو دڵنیابوونەوە لە دەربازنەبوونی تاوانباران لە سزاو نەگرتنەبەری هۆکاری نادروست لە لێکۆڵینەوەو تۆمەتبارکردنیاندا، بەواتایەکی دی؛ چاودێریکردنی دیموکراسییانەی بەڕێوەچوونی ڕەوتو ڕێکارەکانی دادوەرییە.

لەگەڵ ئەوەی بڵاوکردنەوەی هەواڵی تاوانو دادگا، بە مافی ڕاگەیاندنو ڕاگەیاندکاران دەزانرێتو بابەتێکی گرنگو جێی بایەخی وەرگرە، بەڵام هەندێکجار ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە پیادەکردنی ئەم مافەیاندا زیادەڕەوی یاخود کەمتەرخەمی لە بەدەستهێنانو خستنەڕووی زانیاریی لەبارەی ڕووداوە تاوانکارییەکانەوە دەکەن کە دەشێ ببێتە هۆی حوکمدانی پێشوەختو بێبەشکردنی تۆمەتبارەکە لە دادگاییەکی دادپەوەردا، یان ببێتە زیانگەیاندن بە تۆمەتبارو ورووژاندنی ڕای گشتی لە دژی، بەر لە دەرچوونی بڕیاری دادگا، یان زیانگەیاندن بە تاوانلێکراو و قوربانیو شکاندنی شکۆ و ناوناوبانگی خۆیانو خێزانەکانیان، وەکچۆن بڵاوکردنەوەی هەواڵی تاوانو وردەکارییەکانی دەبێتە فاکتەرێك لە فاکتەرەکانی بڵاوکردنەوەی تاوانو فێرکردنی کردەی تاوانکاری. هەموو ئەمانەش زیاتر لە هەندێ لەو تاوانانەدا ڕوودەدەن کە جێی بایەخی ڕای گشتین، وەك تاوانەکانی کوشتن، خۆکوشتن، ڕفاندن، دەستدرێژی سێکسی، گەندەڵیو مادەی هۆشبەر، ساختەکاری، قۆمارکردن، فێڵو هەڵخەڵەتاندن.

لەم توێژینەوەیەدا کە بە ناونیشانی (بەرپرسیارێتیە یاساییەکانی بڵاوکردنەوەی هەواڵی تاوان لە میدیای نوێ دا) ئەنجامدراوە، بە وردی باس لەو کاریگەرییە ئەرێنیو نەرێنیانە دەکەین کە بەهۆی بڵاوکردنەوەی لایەنە جیاوازەکانی هەواڵی تاوانو دادگا دەکەونەوە، هەروەها لەڕێی تێگەیشتنو ڕاڤەکردنی دەقە یاساییە پەیوەندیدارەکانو نموونە بڵاوکراوەکانی هەواڵی تاوانو دۆسییەکانی دادگا، ئاستی ڕەچاوکردنی بەرپرسیارێتیی یاسایی لە بڵاوکردنەوەی ئەو هەواڵانە هەڵدەسەنگێنینو تاوتوێیان دەکەین.

## تەوەری یەکەم: چوارچێوەی میتۆدی توێژینەوەکە (میتۆدنامە)

### یەکەم: گرنگیو بایەخی توێژینەوەکە

ئەم توێژینەوەیە لە چەند روویەکەوە بایەخی هەیە، لەوانە بایەخی توێژینەوەکە لەڕووی پیشەییەوە، رۆڵی لە دەرخستنی هەڵەو کەموکوڕییەکانی میدیاو میدیاکاران هەیە بەتایبەتی لە شێوازی بڵاوکردنەوەی زانیاری لەبارەی هەواڵەکانی تاوانو دادگاو رێکارە دادوەرییەکانەوە. هەروەها بایەخی لە ئاڕاستەکردنی رۆژنامەنوسان بۆ مامەڵەکردنی یاساییانە لەکاتی رومالکردنو بڵاوکردنەوەی هەواڵەکانی تاواندا هەیە، تاوەکو نەبنە هۆکارو پاڵنەری ئەنجامدانی تاوان لە کۆمەڵدا، بەڵکو بەپێچەوانەوە ببنە پاڵنەر بۆ خۆپارێزی لە تاوان. ئەوەش رێگایەکە بۆ بەدیهێنانی ئامانجی سەرەکی کاری رۆژنامەوانیی، کە پاراستنی کۆمەڵگەیە لەهەر هەوڵێکی خراپ بەکارهێنانی میدیاکانو هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگە لە کاریگەرییە نەرێنیەکانی بڵاوکردنەوەی هەواڵەکانی تاوان.

هەروەها بایەخێکی دیکەی ئەم توێژینەوەیە، دەبێتە سەرچاوەیەکی زانستی بۆ خوێندکارانی بەکالۆریۆسو خوێندنی باڵای بەشەکانی میدیاو یاساو ئەو توێژەرانەی دەیانەوێت لەسەر لایەنە جیاجیاکانی بەرپرسیارێتی بڵاوکردنەوەی هەواڵەکانی تاوانو دادگاو گۆشە جیاوازەکانی ئەم بابەتە کاربکەن، بەوپێیەی کە ئەم توێژینەوەیە لەم بوارەدا لە نێوەندی ئەکادیمیو زانکۆکاندا لە هەرێمی کوردستانوعێراقدا، نوێیە.

### دووەم: کێشەی توێژینەوەکە

لەژێر رۆشنایيو کاریگەرێتیی ئەو پەیڤانەی لەبارەی بایەخی توێژینەوەکەوە خرانەڕوو، هەروەها گەڕانەوەمان بۆ توێژینەوەکانی پێشوترو سەرچاوەی پەیوەست بە پرسی بەرپرسیارێتیی یاسایی بڵاوکردنەوەی هەواڵەکانی تاوان لە میدیادا بەگشتیو میدیای نوێ بەتایبەتی، بەو راستییە زانستییە گەیشتین کە کێشەی بنەڕەتی توێژینەوەکە لە ناڕوونیوئالۆزی (ئاستی پابەندبوون بە بەرپرسیارێتیە ئێتیکیو یاساییەکانی بڵاوکردنەوەی هەواڵی تاوان لە میدیای نوێی کوردی-دا) دیاریبکەین و لەپانتایی رێکارە زانستییەکانی ئەم توێژینەوەیەدا شیکاریبکەین.

توێژەر هەمبەر بە کێشەی سەرەکی توێژینەوەکەو بۆ پتڕلێوردبوونەوەی زانستییانەی، چەند پرسیارێك دەخاتەڕوو، هەروەك:

- لە بڵاوکردنەوەی هەواڵی تاوان دا، رەچاوی پابەندبوون بە بڵاونەکردنەوەی ناوو وێنەی تۆمەتبار، پێشینەو دانپیانانی تۆمەتبار، ناوو وێنەی تۆمەتباری مێردمنداڵ، وێنەی تاوانلێکراوو زانیاری لێکۆڵینەوەی دادوەریی، بوونی هەیە؟
- لە بڵاوکردنەوەی هەواڵی تاوان دا، رەچاوی پابەندبوون بە بڵاونەکردنەوەی زانیاری لە بارەی لایەنە ناکۆکەکانی نێوهەواڵی تاوان (تۆمەتبار، سکاڵاکار، شاهید، دادوەر) دەکرێت؟
- لە یاسا بەرکارەکانی هەرێمی کوردستاندا، دەقو برگەی تایبەت بە بڵاوکردنەوەی زانیاریی لەبارەی لایەنە ناکۆکەکانی هەواڵ تاوانو رێکارە دادەوەرییەکانەوە هەیە؟

- ئایا هیچ بڕیارێکی دادوەریی لە هەرێمی کوردستان لەسەر پرسی بڵاوکردنەوەی زانیاری لەسەر لایەنە ناکۆکەکانی هەواڵی تاوانو دادگا، بوونی هەیە؟

**سێیەم: ئامانجی توێژینەوەکە**

ئامانج لە ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە، زانین و دەرخستنی ئاستی رەچاوکردنی پابەندبوونە بە بەرپرسیارێتیە یاساییەکانی بڵاوکردنەوەی هەواڵی تاوان لە میدیای نوێی کوردی-دا. بۆ روونکردنەوەی زیاتریش، لەچەند بڕگەیەکدا ئامانجەکان دەخەینەڕوو :

- زانینی ئاستی رەچاوکردنی پابەندبوون بە بڵاونەکردنەوەی ناوو وێنەی تۆمەتبار، پێشینەو دانپیانانی تۆمەتبار، ناوو وێنەی تۆمەتباری مێردمنداڵ، وێنەی تاوانلێکراوو زانیاری لێکۆڵینەوەی دادوەریی.
- دەرخستنی ئاستی رەچاوکردنی پابەندبوون بە بڵاونەکردنەوەی زانیاری لە بارەی لایەنە ناکۆکەکانی نێو هەواڵی تاوان (تۆمەتبار، سکاڵاکار ، شاهید، دادوەر).
- دڵنیابوون لە بوونی دەقو بڕگەی تایبەت بە بڵاوکردنەوەی زانیاریی لەبارەی لایەنە ناکۆکەکانی هەواڵ تاوانو رێکارە دادوەرییەکان لە یاسا بەرکارەکانی هەرێمی کوردستاندا.
- دڵنیابوون لە هەبوونی بڕیاری دادوەریی لە هەرێمی کوردستان لەسەر پرسی بڵاوکردنەوەی زانیاری لەسەر لایەنە ناکۆکەکانی هەواڵی تاوان.

**چوارەم: میتۆدی توێژینەوەکە**

ئەم توێژینەوەیە لە جۆری وەسفیەو بە میتۆدی شیکاری ئەنجامدراوە کە بە یەکێك لە میتۆدە گرنگەکانی توێژینەوەی زانستی دادەنرێت. لەم توێژینەوەیەدا، ئەم میتۆدە بەمەبەستی شیکردنەوەی نموونەی بڵاوکراوەی هەواڵی تاوان لە میدیای نوێی کوردیو ئەو دەقو بڕگە یاساییانەی پەیوەستن بە رەچاوکردنی بەرپرسیارێتی یاسایی لە بڵاوکردنەوەی هەواڵەکانی تاوان.

**پێنجەم: دیاریکردنی چەمكو زاراوەکانی توێژینەوەکە**

- بەرپرسیارێتی یاسایی: لە ئاکامی لادان و سەرپێچیکردنی یەکێك لە بنەما یاساییەکان پێکدێتو بەهۆیەوە سزای لێدەکەوێتەوە. لەم توێژینەوەیەدا، بەرپرسیارێتی یاسایی، بەواتا پابەندبوون بە بڵاونەکردنەوەی زانیارییە نایاساییەکانی دۆسیەی تاوان و دادگا لەبارەی تۆمەتبار، مێردمنداڵ، لێکۆڵینەوەی دادوەری.
- بڵاوکردنەوە: بەشێوەیەکی گشتی پرۆسەی پەخشکردنە بۆ جەماوەر. لەم توێژینەوەیەدا، مەبەست لە بڵاوکردنەوە، پەخشکردنی هەواڵو بابەتیی رۆژنامەوانیەو بەتایبەتیش هەواڵەکانی تایبەت بە تاوانو دادگاکان لەڕێی ئامرازە میدیاییە نوێیەکانەوە بۆ جەماوەر.
- هەواڵەکانی تاوان: یەکێکە لەو ژانرە رۆژنامەوانیانەی مامەڵە لەگەڵ تاوانو کردە تاوانکارییەکاندا دەکات لە نموونەی تاوانەکانی کوشتن، خۆکوشتن، رفاندن، دەستدرێژی سێکسی، گەندەڵیو مادەی هۆشبەر، ساختەرکاری، قۆمارکردن، فیڵو هەڵخەڵەتاندنو کاری تیرۆرستی. لەم توێژینەوەیەدا،

مەبەســـت لە هەواڵـــی تـــاوان، ئەو هەواڵانەن کە لەبـــارەی رووداوە تاوانکارییەکـــانو رێکـــارە دادوەرییەکـانی پەیوەسـت بە تـاوان لە میـدیا نـوێ-داو بەتـایبەت لە دیجتـاڵ میـدیای کوردیـدا بڵاوکراونەتەوە .

- میدیای نوێ: ئەو میدیایەیە کە پشت بە تەکنیکە نـوێیە ژمارەییەکـان دەبەسـتێتو وابەسـتەیە بە ئێنتەرنێتو کارلێکی نێوان تەکنەلۆژیاو دەنگو رەنگ، یان ئەو رێگا نـوێو سـەردەمیەیە کە کـرداری گەیاندنو پەیوەندیکردن پێ ئەنجامدەدەرێتو روبەرێکی فراوان بـۆ رادەربـڕین دەڕەخسـێنێت. لەم تـوێژینەوەیەدا، مەبەسـت لە میـدیای نـوێ ئەو ئـامڕازە نـوێیە تەکنەلۆژیـانەی پەیوەنـدیکردنن لە سـەردەمی ئێسـتادا کە کـرداری پەیوەنـدیکردنو پەخشـکردنی هەواڵو زانیـاریو ئـاڵوگۆڕکردن ئەنجامبدەدەن. لە نموونەی ئەوانەش: میدیای ئەلکترۆنی، تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان.

**شەشەم: توێژینەوەکانی پێشوو**

**1- توێژینەوەی د. محمود محمد یوسف[1] 2021**

ئامـانج لە ئەنجامـدانی ئەم تـوێژینەوەیە، پاراسـتنی لایەنە ناکۆکەکـانی تـاوانە لە کـاریگەری بڵاوکـردنەوە بەتـایبەت بڵاوکـردنەوەی هەواڵـی تـاوانو رێکـارە دادوەرییەکـان. بـۆ بەدیهێنـانی ئامانجەکەشـی، تـوێژەر هەردوو میتـۆدی وەسـفیو میتـۆدی شـیکاری بابەتیـانەی تێکەڵکـردووەو بەکاریهێناون. ئەم تـوێژینەوەیە بە چەنـد ئەنجامێـك گەیشـتووە لەوانە: بڵاوکـردنەوەی هەواڵەکـانی تـاوانو دگـاو بەدواداچوونیـان لەلایەن میـدیاکانەوە، کـاریگەری نەرێنـی گەورەی لەسـەر رەوتـی دادپەوەریـی هەیە وەکـئەوەی لایەنە ناکۆکەکـانی تـاوان لەبەردەم دادگـایەکی میدیایـدا بـن بەر دادگاییکردنی تاوانکاری.

**2- توێژینەوەی نجاه علمی نجاة علمی[2] 2019**

ئەم تـوێژینەوەیە بە ئامـانجی ئاشـکراکردنی ئەو فـاکتەرانەی دەوری فاکتەرەکـانی رومـاڵکردنی هەواڵو بابەتەکانی تاوانیان داوە، هەروەها دیاریکردنی سروشتو قەبارەی ئەو فشارەی کە لە کـاتی ئامادەکردنی ئەو بابەتانەدا، رووبەرووی رۆژنامەوان دەبێتەوە، بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانیشی، توێژەر پشـتی بە رێبـازی شـیکاریی روپێـویی بەسـتووەو بـۆ کـۆکردنەوەی داتاکانیشـی ئامڕازەکـانی فـۆرمی شیکاری ناوەرۆك و راپرسی بەکارهێناوە. ئەنجامی توێژینەوەکەش، سـنورداریێتی ئاسـتی گرنگیپێـدانی رۆژنامەنوسان بە یاساکانی تایبەت بە پیشەکەو بنەماو پێوە ئێتیکیەکـانی بڵاوکـردنەوەی بابەتەکـانی تاوان دەردەخات، کە ئەوەش بەهۆی ئەو کۆتو بەندانەی سنوور بۆ ئازادی رۆژنامەنوسی دادەنێن.

**3- توێژینەوەی خالد بن راشد بن محمد العدوی[3] 2014**

[1] محمود محمد یوسف، حماية الخصومة الجنائية من تأثير الإعلام- دراسة مقارنة، اطروحة دكتورا منشورة، (الاسكندرية: دار الجامعة الجديدة، ٢٠٢١).

[2] نجاة علمى، المعالجة الاعلامية للجريمة فى الصحافة الجزائرية الخاصة- دراسة تحليلية و ميدانية، اطروحة دكتورا غير منشورة، (الجزائر: جامعة محمد خيضر-بسكرة،كلية علوم الانسانية والاتصال، قسم الاعلام والاتصال، 2019).

[3] خالد بن راشد بن محمد العدوى، اخبار الجريمة فى الصحافة العمانية: دراسة تحليلية لمضمون عينة من الصحف العربية اليومية، رسالة ماجستير غير منشورة، (عمان: جامعة السلطان قابوس، كلية الاداب والعلوم الاجتماعية، قسم الاعلام، 2014).

ئەم توێژینەوەیە، (اخبار الجريمة فى الصحافه العمانية- دراسة تحليليه لمضمون عينه من الصحف العربية اليومية)ە، لە جۆری وەسفیەو بۆ هێنانەدی ئامانجەکانیشی، میتۆدی شیکاریی بەکارهێناوەو لەوچوارچێوەیەشدا پشتی بە شێوازی شیکردنەوەی ناوەرۆك بەستووە. ئامانجی سەرەکی توێژینەوەکەش، بریتیە لە ئاشکراکردنو راڤەکردنو شیکردنەوەی هەواڵەکانی تاوان لە رۆژنامەکانی (عمان)و (الرؤية). توێژینەوەکە بە چەند ئەنجامێك گەیشتووە لەوانە: هەردوو رۆژنامەکە فۆکەسیان خستووەتە سەر بڵاوکردنەوەی ئەو هەواڵانەی تاوان کە زیاتر پەیوەستن بە (تاوانی کوشتن).

## تەوەری دووەم: بەرپرسیارێتیە یاساییەکانی بڵاوکردنەوەی هەواڵی تاوان

بۆ بەرگرتن لەهەر پێشێلکارییەکی یاسایی میدیاکان لە بڵاوکردنەوەی هەواڵەکانی تاوانو کاریگەریی نەرێنیان لەسەر رەوتی دادپەوەریی دۆسیەکانی لێکۆڵینەوەو دادگاییکردن، کۆمەڵێك بنەماو پێوەریی یاسایی هەن کە لە دەقی یاساکانو پرەنسیپە یاساییە نێودەوڵەتیو ناوخۆییەکانو رای پسپۆڕانی یاسایی، هەڵهێنجراونو دەکرێ بە (بەرپرسیارێتیە یاساییەکان) ناوزەدیان بکەین. لێرەدا هەمــوو ئەو پێـوەرە یاساییانەی پەیوەستن بە چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵ لایەنە جیاجیاکانی بڵاوکردنەوەی هەواڵی تاوانو دادگا دەخەینەڕوو و راڤەو گفتوگۆو هەڵسەنگاندنیان پێویست لەبارەیانەوە دەکەین، لەگەڵ بەڵگەهێنانەوە بە نموونەی واقیعی ناو میدیاکانو دادگاییو بڕیارە دادوەرییەکان.

### یەکەم: بڵاونەکردنەوەی ناوو وێنەی تۆمەتبار

بڵاوکردنەوەی ناوو وێنەی تۆمەتباری رووداوە تاوانکارییەکان لە میدیاکاندا، بابەتێکی جێی بایەخی یاساناسان و شارەزایانەوهەندێکیان بڵاوکردنەوەی ناوو وێنەی تۆمەتبار بەئاسایی دەزانن لەو سۆنگەوەی کە جۆرێك لە سڵەمینەوەو ترسو لۆمەی کۆمەڵایەتی دروستدەکات، بەپێچەوانەشەوە هەندێکی دیکە رایان وایە، ناووناوبانگی تۆمەتبارو خێزانەکەی لەکەدار دەکاتو رۆڵی دەبێت لە بەردەوامیدان بە تاوانکردنو کاریگەرییش لەسەر رێکارەکانی لێکۆڵینەوەو رەوتی دادوەریی دروستدەکات[1].

لەڕووی یاساییەوە، بڵاوکردنەوەی ناوو وێنەی تۆمەتبار لە میدیاکانداو بەر لە خستنەڕووی بۆ شاهیدەکان، لەو بابەتانەیە کە دەشێ کاریگەری لەسەر شاهیدەکان دابنێتو زیان بە رێکارەکانی لێکۆڵینەوە بگەیەنێت، لە بەرئەوەی لەو حاڵەتەدا دادگا ناتوانێت دڵنیابێت لە ناسینەوەی تۆمەتبار، تەنانەت ئەگەر تەنها بەڵگەش بێت لە لێکۆڵینەوەکەدا[2]، لەبەرئەوەی هەندێك پێیانوایە؛ نابێ بە هیچ شێوەیەك مۆڵەت بە بڵاوکردنەوەی ناوو وێنەی ئەو کەسانەی دەستگیرکراون یان تۆمەتبارو

---

[1] بسام عبدالرحمن المشاقبة، فلسفة التشريعات الاعلامية، (الاردن: دار اسامة للنشر والتوزيع، ٢٠١٢م)، ص١٩٤.
[2] جمال الدين العطيفى، الحماية الجنائية للخصومة من تاثير النشر، (مصر: دار المعارف، ١٩٦٤م)، ص٦١.

گومانلێکراوی رووداوە تاوانکارییەکان بـدرێت، تەنها بە مـۆڵەتی دادگـاو داواکـاری گشـتی نەبێـت[١]. ئەمەش مانای ئەوەیە کە یاسا، بڵاوکردنەوەی نهێنیەکـانی لێکـۆڵینەوە لە دۆسـیە تاوانکارییەکانـدا بە دروست نازانێت و بە زیانگەیاندن بە رەوتی دادوەری دادەنێت، ناو و وێنەش یەکێکە لە نهێنیەکانی لێکۆڵینەوە، کە پێویستە ئاشکرا نەکرێـت، هەرچەنـدە رایەکـی دیـکە هەیە پێـی وایە، بڵاوکـردنەوەی وێنەی تۆمەتبار دوای بەڕێوەچوونی دادگایکردنەکە، کاریگەری دروست ناکـات[٢]. هەربـۆیە لەجیـاتی وێنەگرتن، هەندێکجار رێگە بە وێنەکێش دەدرێت وێنەی دادگاو پرۆسەی دادگاییەکە بگرێت، یاخود دەموچاوی تۆمەتبار دەشاردرێتەوە.

هەندێکجاریش، دەسەڵاتە گشتیەکان رێگە بە بڵاوکردنەوە وێنەی هەندێك لە کەسەکان دەدەن، بەبێ ئەوەی مۆڵەت لەکەسەکە وەربگرن، ئەمەش لەپێناو هێنانەدی بەرژەوەندی گشتیدا، وەکئەوەی کەسێك تاوانێکی دیاریکراوی ئەنجامدابێت‌و دەسەڵاتی گشتی بیەوێت بەدوایدا بگەڕێت‌و وێنەکەی لە میدیاکاندا بڵاوبکاتەوە، ئەمەش بەمەبەستی ئاگادارکردنەوەی جەماوەر لەم تۆمەتبـارەو داواکـردن بە خسـتنەڕووی هەر زانیـارییەك لەبـارەیەوە، تـاوەکو یارمەتیـدەر بێـت بـۆ دەسـتگیرکردنی، یـان بڵاوکردنەوەی وێنەی کەسێك کە کێشـەی عەقڵـی هەیە، یـان کەسـێك لە نەخۆشـخانە رایکردبێـت‌و جێگەی مەترسی بێت بۆ خەڵکی‌و جەماوەری لێئاگاداربکرێتەوە[٣]. لەم حاڵەتانەدا مۆڵەت لە خـاوەنی وێنە وەرناگیرێت‌و بەرژەوەندی گشتی دەخرێتە پێش پاراستن‌و چاودێریکردنی بەرژەوەنـدیی کەسـی وێنە بڵاوکراوەوە[٤].

کەواتە، یاسایی نەبوونی بڵاوکردنەوەی وێنەو ناوی کەسەکان لە میدیاکاندا بە گشتی‌و تۆمەتبارو گومانلێکراوانی رووداوە تاوانکارییەکان بەتایبەتی، بابەتێکی تەواو رەهـا نـیەو لەلایەك پەیوەسـتە بە ئاستی هێنانەدی بەرژەوەندی گشتی لە بڵاوکردنەوەیداو لەلایەکی دیکەش بـوونی رێپێـدانی دادگـاو داوای گشتی.

لەبەر گرنگیەکەی، ئەم بابەتە لەلایەن یاسادانەرانەوە گرنگی پێـدراوەو لە مـادەو بڕگەکـانی نێـو یاساکاندا رەنگیداوەتەوە، بۆ نموونە لە یاسای ئینگلیزی‌و بەریتانیـدا، بڵاوکـردنەوەی وێـنەی تۆمەتبـار بەر لە خسـتنەڕووی بـۆ شـاهیدەکان، بە سـوکایەتیکردن بە دادگـا دادەنرێـت، هەروەهـا بۆچونێـك لەلایەن یاسادانەری ئینگلیـزییەوە هەیە، کە داوا دەکـات، بڵاوکـردنەوەی وێـنەی تۆمەتبـاران لەڕێـی ئامرازەکانی راگەیاندنەوە، قەدەغەبکرێـت لەڕووانـگەیەوە کە ئەم بڵاوکـردنەوەیە مەترسـی بـۆ سـەر دادپەوەری دروستدەکات[٥].

---

[١] نضال منصور، نشر صور المتهمين بين حقوق الإعلام و حقوق الإنسان، بڕوانە ئەم بەستەرە کە لە ٧-٤-٢٠٢٢دا سەردانکراوە: https://www.alghad.com/Section-204.

[٢] عبدالحميد الشواربي، الجرائم التعبيرية- جرائم الصحافة والنشر، ( المصر، دار الكتب والدراسات العربية، ٢٠١٨م)، ص ١٩٩.

[٣] مصطفى احمد عبدالجواد حجازى، الحياة الخاصة ومسؤلية الصحفي، (القاهرة: دار الفكر العربي، ٢٠٠٠-٢٠٠١م)، ص٩٦-٩٧.

[٤] سامان فوزى عمر، دراسات معمقة في قانون الإعلام، (سليمانى: من منشورات مكتبة يادطار،٢٠١٧م)، ص١٩٢.

[٤] Law Comission, contempt of court,( UK: LC publications,2015).p2.

له هەرێمی کوردستان وعیراقیشدا، بڵاوکردنەوەی وێنەی تۆمەتباری هەڵاتوو لەڕووی یاساییەوە کێشەی نیە، وەك لە یاسای پاراستنی مافی دانەی عیراقیدا هاتووە"هیچ کەسێك مافی ئەوەی نیە هەڵسێت بە گرتنی وێنەیەك یان پیشاندانی یان بڵاوکردنەوەو پەخشکردنی یان کۆپیکردنی بەبێ مۆڵەتو رەزامەندیی ئەو کەسانەی وێنەکەیان گرتووە، ئەم حوکمە ئەو کەسانە ناگرێتەوە کە وێنەی رووداوێك بڵاودەکەنەوە کە بە ئاشکرا رویدابێت یان پەیوەست بێت بە پیاوانی فەرمی یان ئەو کەسانەی ناوبانگیان هەیە، یان دەسەڵاتی گشتی لەپێناو بەرژەوەندی گشتیدا رێی بە بڵاوکردنەوەی دابێت، لەگەڵ ئەوەشدا ناکرێت لەم حاڵەتانەی پێشوودا، وێنە نمایش بکرێتو دەستاودەستی پێوەبکرێت ئەگەر بابەتەکە پەیوەست بوو بە پرسی شەرەفی کەسەکەو ناوو ناوبانگیو پێگەی کۆمەڵایەتیەکەی"[1].

هەر لەوسۆنگەیەوە هەندێکجار پۆلیس ناوو وێنەی تۆمەتباری هەڵاتوو لەڕێی راگەیاندنەکانەوە بڵاودەکاتەوە، بۆ نموونە لە دوو روداوی جیاجیای کوشتنو دزیکردندا، کە لەساڵی 2022دا رویانداوە، پۆلیسی سلێمانی بەدوای تۆمەتبارانی ئەو رووداوانەدا دەگەڕێتو لەڕێی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانو ماڵپەڕە ئەلکترۆنیەکان ناوو وێنەیان بڵاودەکاتەوە[2].

لەیاسای سزادانی عیراقیشداو لە هەردوو ماددەی (235و 236)دا، بە دیاریکراوی ئاماژە بە بڵاوکردنەوەی وێنەی تۆمەتبارانی سەروو تەمەنی (18) ساڵ نەکردووە، بەڵام دادوەر دەتوانێ لە بڕگەکانی دیکەی هەردوو مادەکەدا، بڵاوکردنەوەی ناوو وێنەی تۆمەتبار بە تاوان دابنێت، بۆ نموونە کاتێك ئاماژە بە "بڵاوکردنەوەی هەر زانیاریو هەواڵێك دەکات لەبارەی کێشەیەکەوە کە هێشتا لە قۆناغی لێکۆڵینەوەدایە" یان "هەر بابەتێك بەمەبەستی کارکردنە سەر دادوەرو شاهیدو لێکۆڵەر بڵاوبکرێتەوە"، بەڵام باشتربوو گەر بە دیاریکراوی باسی لەم حاڵەتە (بڵاوکردنەوەی ناوو وێنەی تۆمەتبار) بکردایە، کە بەڕای توێژەر ئەمە لەڕووی یاساییەوە، کەموکوڕییەو لەحاڵەتی بوونی سکاڵایەکی لەو جۆرە لەسەر میدیاو میدیاکارانو پەنا بردن بۆ ئەم بڕگانە، جۆرێك نادادپەروەری دێنێتەکایەوە، لەو سۆنگەوەی کە بە دیاریکراوی ناوی تۆمەتبار نەهاتووە.

هەروەها لە یاسای ژمارە (35)ی ساڵی 2007ی رۆژنامەگەریی کوردستانیشدا، ئاماژە بە بڵاوکردنەوەی ناوو وێنەی تۆمەتبار نەکراوەو تەنها لە بڕگەیەکدا هاتووە "هەر بابەتێك زیان بە

[1] المادة ٣٦ من قانون حماية حق المؤلف رقم ٣ لسنة ١٩٧١.

[2] بڕوانە ئەم بەستەرانەکە لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکاندا بڵاوکراونەتەوە:

- ئەم بەستەرە هەواڵە، سۆشسال میدیای Kurdsat News، بڵاوکردنەوەی وێنەی تۆمەتباری داواکراو لەلایەن پۆلیسەوە، کە لە ٢٩-٩-٢٠٢٢ سەردانکراوە:

https://m.facebook.com/kurdsatnews/posts/pfbid02REEkq6dA39fShKPscSxKB7hEfPNWjvNP66ciKQv3XN85mte4pyZkEWuFUQhvChzCl?_rdr

- ئەم بەستەرە هەواڵە، لە پەیجی Diplomatic Magazine ، بڵاوکردنەوەی گرتەی ڤیدیۆیی تۆمەتباری داواکراو لەلایەن پۆلیسەوە، کە لە ١٤-١٠-٢٠٢٢دا سەردانکراوە:

https://www.facebook.com/watch/?v=908145660571463

ڕێکاری لێکۆڵینەوەو دادوەری بگەیەنێ، تەنیا مەگەر دادگا ڕێگەی بە بڵاوکردنەوەی دابێ"[1]. لێرەداو لەحاڵەتی بوونی سکاڵایەك لەسەر بڵاوکردنەوەی ناوو وێنەی تۆمەتبارو "ئەگەر بڵاوکردنەوەکە زیانی گەیاندبێت بە ڕێکاری لێکۆڵینەوە"، دادوەر دەتوانێت بەراڤەکردنو لێکدانەوەی ئەم بڕگە یاساییە، سزای بڵاوکەرەوە بدات، یان ڕەنگە دادوەر ناچار بێت پەنا بۆ یاسا بەرکارەکانی دیکە ببات کە ڕوونتر ئاماژەیان بەم بابەتە کردبێت .

لە هەرێمی کوردستان چەندین نموونەی جیاجیای بڵاوکردنەوەی ناو وێنەی تۆمەتبار هەیە، بۆ نموونە لەبارەی کوشتنی گەنجێك بەناوی (خواناس وریا) لەشاری چەمچەماڵ لە ڕۆژی 22-6-2023، چەند میدیایەکی ئەلکترۆنیی لەڕێی پەیجەکانیان لە تۆڕی فەیسبوك، ناوو وێنەی کەسێکیان وەك بکوژو ناوو وێنەی کەسێکی دیکەیان وەك هاندەرو پاڵنەر بۆ کوشتنەکە بڵاوکردەوە . ئەم تۆمەتبارکردنو تاوانبارکردنە لە میدیاکانو سۆشیال میدیاکانیاندا، لەکاتێکدابوو کە هێشتا سکاڵای یاسایی لە دژی هیچ کەسو لایەنێك تۆمارنەکرابوو، واتە لەڕووی یاساییەوە تۆمەت ئاڕاستەی هیچ کەسێك نەکرابوو، هەروەها لایەنی پەیوەندیداری پۆلیسو لێکۆڵینەوە هیچ لێدوانێکیان لەبارەوە ڕانەگەیاندبوو.

توێژەر بە گشتی تێبینی ئەوە دەکات کە بەگوێرەی زۆربەی ئەو یاسا پەیوەندیدارانەی خرانەڕوو، بڵاوکردنەوەی ناوو وێنەی تۆمەتبار، یاساییو ڕێپێدراو نیە، مەگەر بڵاوکردنەوەکە لەحاڵەتی ڕیپێدانی دادگاو لەپێناو هێنانەدی بەرژەوەندی گشتیدا بێت، وەك بڵاوکردنەوەی ناوو وێنەی تۆمەتباری هەڵاتوو. هەروەها لە لەیاسای ڕۆژنامەگەریی کوردستاندا، بە دێڕێك ئاماژەی بۆ کردووە، بەڵام ووردەکاری بۆ یاساکانی عیراق جێهێشتووە، چونکە لە هەرێم بەرکارە، ئەگەرچی بڵاوکردنەوەیان لە میدیاکانی هەرێمی کوردستانداو بەتایبەت لە ئامڕازەکانی میدیای نوێدا، نزیکە لەوەی ببێتە دیاردە، کە ئەمەش هەم زیان بە ڕێکارەکانی دادوەریی دەگەیەنێت، هەم زیان بە مافی تۆمەتبار دەگەیەنێتو جۆرێکیش لە حوکمدانی پێشوەختەیە بەسەر تۆمەتبار یان گومانلێکراوانی ڕووداوە تاوانکارییەکان،و پێشێلی ئەو پرەنسیپە یاساییەش دەکات کە دەڵێت" تۆمەتبار بێتاوانە تا ئەوکاتەی تاوانەکەی بەسەردا ساغ دەبێتەوە"[2]. لەهەمانکاتدا ئەو بڵاوکردنەوەیە، پێشێلکردنی ڕێساو پێوەرە ئێتیکیەکانی پیشەی ڕۆژنامەوانیە، کە گرنگە ڕۆژنامەنوس پابەند بێت بە ڕەچاوکردنیان.

### دووەم: بڵاونەکردنەوەی دانپێدانانی تۆمەتبار

بڵاوکردنەوەی دانپیانانی تۆمەتباری ڕووداوە تاوانکارییەکان لە میدیاکانداو بەتایبەت لە قۆناغی لێکۆڵینەوەدا، بەبێ ڕەزامەندی دادوەر کارێکی نایاساییەو لە هەندێك یاسای وڵاتاندا، بە مادەو بڕگەی تایبەت قەدەغەکراوە. بۆ نموونە لەیاسای ئینگلیزیدا، بڵاوکردنەوەی هەواڵ لەسەر دانپێدانانی تۆمەتبار بە سەرپێچیی دادگا دادەنرێت، چونکە ئەو هەواڵە ئەگەر ڕاستیش بێت، وەك بەڵگەی سەلماندن قبوڵکراو نیە، لەبەرئەوەی دەشێ زیانی گەورە بە مافی بەرگریکردن لە تۆمەتبار

---

[1] بڕگەی ٦ لە مادەی ٩، لە یاسای ژمارە (٣٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ی ڕۆژنامەگەریی لە کوردستان.

[2] ناصر کاتوزيان، يأس از اثبات و اصل برائت، (تهران: فصلنامه حقوق، شماره ٦٦، ١٣٨٣)، ص٢٥٨.

بگەیەنێت و كاریگەریش لەسەر جەماوەرو سوێندخۆرانیش دروستبكات، ئەمەش وا دەكات كە دادگاییكردنێكی دادپەوەرانە بۆ تۆمەتبار فەراهەم نەبێتو دادگاش دەسەڵاتی خۆی لە بەدیهێنانی دادپەروەریداو بەبێ لایەنگیریو لەو سنورەی بەڵگەكانی تێدا خراوەتەڕوو، لەدەستبدات[1]. لەو چواچێوەیەدا، دادگای باڵای بەریتانیا بڵاوكردنەوەو پەخشكردنی شەش دەقیقە لە دانپیانانی دانیشتنێكی داگایی لەلایەن دامەزراوەی میدیایی (BBC) بە تاوان داناو سزای غەرامەردنی بەسەردا سەپاند[2]. ئەمەش لەلایەك دەچێتە چوارچێوەی پێشلكردنی ژیانی تایبەتو تایبەتمەندێتی كەسەكانو لەلایەكی دیكەش، ئەگەر هەیە بەم بڵاوكردنەوەیە رای گشتی بووروژێنرێتو كاریگەریی لەسەر رەوتی دادپەوەری دۆسیەكە دروست ببێت .

بەگوێرەی یاسای میسری-یش، بڵاوكردنەوەی هەواڵی راست لەسەر دانپێدانانی تۆمەتبار، كاریگەری لەسەر دادوەر نابێت، چونكە ئەو بەڵگەیەی كە پشتی پێبەستراوە بۆ دانپێدانان لە هەر دۆخێكدا بێت پیشانی دادوەر دەدرێت، لەبەرئەوە بڵاوكردنەوەی هەواڵەكە پێش دادگایكردن، هیچ لە باردودۆخەكە ناگۆڕێت، بەڵام دەكرێ كاریگەری لەسەر رای گشتیو شاهیدەكان هەبێت[3]. كاتێكیش كاریگەریی لەسەر رای گشتیو شاهید دابنێت، هیچ دوور نیە كار لەسەر رەوتی لێكۆڵینەوەی دادوەریو بڕیارەكانی دادوەر نەكات، ئەمەش بەجۆرێك لە جۆرەكان بە زیانی لایەنێك لە لایەنە ناكۆكەكانی تاوان دەكەوێتەوە.

لە یاسای سزادانی عیراقیو بەتایبەت لە ماددەی (٢٣٥و ٢٣٦)دا بەدیاریكراویو بە روونی بڵاوكردنەوەی (دانپیانانی تۆمەتبار) نەهاتووە، بەڵام دەكرێت لەچوارچێوەی بڕگەكانی نێو مادەكەو ئەوەی لێهەڵبهێنجرێت، كە بڵاوكردنەوەی (دانپیانانی تۆمەتبار) بەر لە قۆناغی لێكۆڵینەوەو دادگاییكردن، نایاساییو قەدەغەكراوە، لەبەرئەوەی ئەگەری دروستكردنی كاریگەریی لەسەر رێكارەكانی لێكۆڵینەوەو رەوتی دادوەریی هەیە. بەهەمان شێوە لەیاسای رۆژنامەگەریی كوردستان بە دیاریكراوی باس لە دانپیانانی تۆمەتبار نەكراوە،و تەنها بە یەك بڕگە لەچوارچێوەی مادەی نۆیەمی یاساكە، بڵاوكردنەوەی ئەو هەواڵو بابەتانەی بە تاوان داناوەو سزای بۆ دیاریكردون كە كاریگەرییان لەسەر رێكارەكانی لێكۆڵینەوەو دادگاییكردن هەیە. بەوپێیەش بڵاوكردنەوەی دانپیانانی تۆمەتبار، رەنگە زیان بەو رێكارانە بگەیەنێتو لەو رووەشەوە دەكرێت بڵێین، نایاساییو نابەرپرسیارێتیە.

---

[1] جمال الدين العطيفي، الحماية الجنائية للخصومة من تاثير النشر، (مصر: دار المعارف، ١٩٦٤م)، ص٤٦.

[2] بڕوانە ئەم سەرچاوانە:

- Tim Crook, THE MEDIA LAW POCKETBOOK,( LONDON AND NEWORK: Routledge Taylor & Franis Group,2023),p5.

- رۆژنامەی Evening Standard، كە لە ١٧-٢-٢٠٢٣دا سەردانكراوە:

https://www.standard.co.uk/news/uk/bbc-fined-28000-contempt-high-court-case-judge-news-b918459.html?fbclid=IwAR1RHMATeCAmCkTZAJngMsJBEMY1lsvqQfMVWXuHdmzEaJRDJcW2jcOv8oI

[3] المادة 187 من قانون العقوبات المصرى رقم 58 لسنة 1937، حسب احدث التعديلات من 2003.

لە ڕێنماییەکانی وەزارەتی رۆشنبیری تایبەت بە کاری میدیایی لە هەرێمی کوردستاندا، کە تایبەت کراوە بە (مەرجەکانی کوالیێتی راگەیاندنو پەخشکردن)، بڵاوکردنەوەی دانپیانانی تۆمەتبار قەدەغەکراوەو تیایدا هاتووە"بڵاوکردنەوەی وتەی تۆمەتباران پێش دادگاییکردنیانو پێش بڕیاری دادگا ڕێگەپێدراو نیە"[1]. ئەم بڕگەیە، بنەمایەکی یاساییو پەسەندە، ئەوەی گرنگە جێبەجێبکرێتو میدیاو دامەزراوەکان پابەند بن پێیەوەو دانپیانانی تۆمەتباران بڵاونەکەنەوە، بەتایبەتی دامەزراوە ئەمنیەکان کە تائێستا بەبێ رەچاوکردنی بنەما یاساییەکان دانپیانانی تۆمەتباران لەڕێی ماڵپەڕی ئەلکترۆنیو پەیجو ئەکاونتی سۆشیال میدیای خۆیان بڵاویانکردووەتەوەو دواتریش لە میدیاکانی دیکەدا بڵاودەکرێنەوە.

لە میدیاکانی هەرێمی کوردستاندا، هەندێکجار دانپیانانی تۆمەتبار بڵاودەکرێتەوە، بۆ نموونە دانپیانانی ئەندامانی (جوڵانەوەی نەوەی نوێ)* لەبارەی دۆسیەی پارلەمانتارێكو دروستکردنی پەیجی نافەرمیو سێبەر لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان، بەر لە دادگاییکردن لەلایەن بەشێك لە دەزگاکانی راگەیاندنەوە بڵاوکرایەوە[2]. لە نموونەیەکی دیکەدا، دادوەرێك بڵاوکردنەوەی دانپیانانی تۆمەتباری کوشتنی ئەو خێزانە کوردەی بەغدا لەلایەن کەناڵە کوردیو عیراقیەکانەوە، بە هەڵەیەکی کوشندە ناودەباتو پێی وایە بەگوێرەی یاسای سزادانی عیراقی، بەتاوان هەژمار دەکرێت[3].

تێبینی ئەوە دەکرێت، هەندێکجار بڵاوکردنەوەی دانپیاننانی تۆمەتبار یان گومانلێکراو لە میدیاکانی هەرێمی کوردستاندا، لەلایەن دەزگا ئەمنیەکانەوە جێبەجێدەکرێتو بڵاودەکرێنەوە، لەکاتێکدا یاسایی نینو بەبێ پیشاندانی ڕێگەپێدانی دادوەری یان نووسراوی فەرمی کە ڕێگەی بە بڵاوکردنەوە دابێت، دەقی دانپێدانانی تۆمەتباران بڵاودەکەنەوە، کە هێشتا دۆسیەکەیان لە قۆناغی لێکۆڵینەوەدایە و تەنیا ڕەوانەی دادگا کراوە و هیچ دانیشتنێکی دادگا لە بارەی دۆسییەکەیانەوە نەکراوە، بەڵام بەپێی بنەما یاساییەکان، نابێت میدیاکاران رازی بن بە بڵاوکردنەوەی ئەو دانپیانانە، ئەگەرچی لەلایەن هێزە ئەمنیەکانیشەوە بۆیان بنێردرێت.

بەپێی بنەما یاساییەکانیش، دانپیانانی سەرەتایی هەمیشە مەزنە بەڵگە (سید الادلە) نیە،و دەکرێت ساختە بێتو بۆ شاردنەوەی تۆمەتباری راستەقینە بێت، یان دەشێ لەژێر هەڕەشەدا ئەو دانپێدانانە ئەنجامدرابێت . کەواتە، بڵاوکردنەوەی دانپێنانی تۆمەتبار لە هەواڵو راپۆرتە هەواڵەکانی میدیاو تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانی هەرێمی کوردستاندا، بەر لە دادگاییکردنو بڕیاری کۆتایی دادگا بەشێوەیەکی رێژەیی، بوونی هەیەو ئەمەش ناکۆكو دژە لەگەڵ بنەماو پێوەرە یاساییەکانو مافی

[1] بڕگەی (١٦) لە مادەی (٤)ی خاڵی سێیەم لە ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٣ی وەزارەتی رۆشنبیری.

* جوڵانەوەی نەوەی نوێ، جوڵانەوەیەکی سیاسیە لە هەرێمی کوردستانو ساڵی ٢٠١٧ لەلایەن شاسوار عەبدولواحد-ەوە دامەزرێنراوە. بڕوانە ئەم بەستەرە کەلە ٩-٦-٢٢٢ سەردانکراوە: https://ngmovement.com/history

[2] بڕوانە ئەم بەستەرە، ماڵپەڕی کەناڵی ئاسمانی گەلی کوردستان، دەزگای ئاسایشی هەرێم دانپێدانانی گیراوانی نەوەی نوێ بڵاودەکاتەوە، کە لە 4-3-2022دا سەردانکراوە: https://www.gksat.tv/details.aspx?jimare=78481

[3] القاضی صباح الداوودی، هل یجوز نشر وعرض الجرائم في وسائل الإعلام ؟! بڕوانی ماڵپەڕی ئەنجومەنی باڵای دادوەری کە لە ٤-٣-٢٠٢٢دا سەردانکراوە.https://www.sjc.iq/view.67632/ .

دادگاییەکی دادپەروەرانە بۆ تۆمەتبار، هاوکات ئەگەری ئەوە هەیە کە کاریگەری نەرێنی لەسەر ڕێچکەی لێکۆڵینەوەکە دروستبکات.

**سێیەم: بڵاوەکردنەوەی ناوو وێنەی منداڵو (مێردمنداڵ)***

لەبەرئەوەی پەیوەستە بە هەستیاری تەمەنەکەیانو کاریگەریی لەسەر ئایندەیان لەناو کۆمەڵگەکەدا، بەشێوەیەکی گشتی نابێ میدیاو میدیاکاران، ناوو وێنەی منداڵو مێردمنداڵی تۆمەتباری ڕووداوەکان بەر لە لێکۆڵینەوەو دادگاییکردنو لەکاتی دادگاییکردنیشدا بڵاوبکرێنەوە تەنها بەپێی مۆڵەتی دادگا نەبێت ، بەڵام وەك هەمیشە ڕۆژنامەنوسان هەوڵی بەدەستهێنانی زانیاری لەبارەی ناوو وردەکای تۆمەتبارانی مێردمنداڵ دەدەن،و پۆلیسو بەرپرسانی پەیوەندیداریش هەوڵدەدەن کە سنور بۆ گەیشتن بەو زانیارییانە دابنێن، لەگەڵ ئەوەشدا لە زۆربەی حاڵەتەکاندا بەرپرسان ناچارن بە جێبەجێکردنی یاسا بەسەر دامەزراوەکانی ڕاگەیاندنداو بە لەقاڵبدانی ئەو هەواڵانەی پەیوەستن بە منداڵو مێردمنداڵی تۆمەتبار[1].

بابەتی بڵاونەکردنەوەی ناوو وێنەی منداڵو مێردمنداڵی تۆمەتبار پەیوەست بە هەواڵو ڕووداوەکانی تاوان، یەکێکە لەو بابەتە هەستیارانەی لە یاسا گشتیو تایبەتەکانی وڵاتاندا گرنگی پێدراوەو ڕەنگیداوەتەوە.

یاساکان لەڕێی برگەو مادەی تایبەتەوە، هۆشداری دەدەن لە شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو هەواڵانەدا کە تایبەتن بە منداڵانو مێردمنداڵان، وەك هێرشکردنە سەریان یان خراپی مامەڵکردنیان، لەبەر ئەگەری ڕەنگدانەوە بۆ سەر ژیانیان، لەبەرئەوە پێویستە ناویان نەهێنرێتو وێنەکانیان بڵاونەکرێتەوە[2]. پاساوی ئەم بڵاونەکردنەوەیەش ئەوەیە، کاتێك کە ناتوانرێت گەرەنتی ئەوە بکرێت کە منداڵێك یان مێردمنداڵێکی تاوانکار ببێتەوە بە کەسێکی ئاساییو بەرهەمهێن لە کۆمەڵدا، ئەوا بە بڵاوکردنەوەی ناو و ناونیشانەکەی لە ئامرازەکانی ڕاگەیاندندا، ئاڵنگارییەکانی بەردەمی چەند هێندە قورستر دەبێت بۆ ئەوەی جارێکی دیکە ببێتەوە مرۆڤێکی بەرهەمهێنی ناو کۆمەڵ[3]. هەرلەبەرئەوە بە نهێنی هێشتنەوەی ناوی تۆمەتباری منداڵو مێردمنداڵو بڵاونەکردنەوەی، هەلێکی باشتر دەبێت لەبەردەمیاندا بۆ گۆڕینی ڕێچکەی ژیانیان تاوەکو ببنە هاووڵاتیەك کە یاسا جێبەجێ بکەن .

لەو چوارچێوەیەدا، لە یاسای نەوجەوانانی ئینگلیزیدا، کە لە ساڵی (١٩٣٣) دا دەرچوێنراوەو

* بەپێی یاسای دیاریکردنی تەمەنی جینائی لە هەرێمی کوردستان، ئەو کەسەی کە (11) ساڵی تەمەنی تەواوکردبێو (18) ساڵانی تەواو نەکردبێ، بە مێردمنداڵ دادەنرێ. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: یاسای ژمارە (14)ی ساڵی 2001.
هەروەها بەپێی یاسای چاودێریکردنی مێردمنداڵی ژمارە (76)ی ساڵی 1983ی عیراق، مێردمنداڵ ئەو کەسەیە کە تەمەنی (9) ساڵی تەواو کردبێتو (18) تەواونەکردبێت.

[1] رون اف سميث، اخلاقيات الصحافة، ترجمة: محمد حامد درويش، (القاهرة: مؤسسة هنداوى، ٢٠١٨)، ص٢٩٦.

[2] جورج صدقة، الاخلاق الاعلامية بين المبادئ والواقع، (بيروت: مؤسسة مهارات، ٢٠٠٨م)، ص ١٥٧.

[3] Rosa M C nbm m,lind C.Truitt, “Juvenile justice”, presstime, 1996, and Thayer and Pasternak,Op.cit.

تائێستا چەندین جار هەموارکراوەتەوە، ئاماژەی بەوە کردووە؛ رێگە بە ئامادەبوونی رۆژنامەنوسان بدرێت تاوەکو راپۆرتێك سەبارەت بە رێوشوێن و رێکارە دادوەرییەکان لە دادگای نەوجەوانانـدا بڵاوبکەنەوە بەمەرجێك ئەو راپۆرتە، چەند زانیارییەکی تێدا نەهاتبێت وەك: ناوی نەوجەوان، ناونیشانەکەی، ئەو خوێندنگەیەی لێی خوێندووە یان هەر زانیارییەکی دیکە، کە ئاماژە بێت بۆ کەسێتی نەوجەوانەکە، نەوجەوانەکە شاهید بێت یان تۆمەتبار بێت یان بە هەر خاسیەتیەکی دیکە لە دادگای نەوجەواناندا ئامادە بێت. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەگەر دادگاو وەزارەتی ناخۆ بۆچوونیان وابوو کە ئەم بڵاوکردنەوەیە لە بەرژەوەندیی دادپەوەریدایە، ئەوا بڵاوکراوەکە دەبەخشن، سەرباری ئەوەی کە سزای ماددی داناوە بۆ هەر کەسێك سەرپێچیی ئەم یاسایە بکات[1].

لەیاسای چاودێریکردنی مێردمنداڵی عیراقیشدا، بڵاوکردنەوەی ناوو وێنەی مێردمنداڵ قەدەغەکراوەو تیایدا هاتووە"نابێت ناو، ناونیشان، ناوی قوتابخانە، وێنەی مێردمنداڵ، یان هەر شتێك کە ببێتە هۆی زانینی شوناسەکەی، ئاشکرابکرێت و بڵاوبکرێتەوە"[2]. هەروەها یاسای سزادانی عیراقی-یش، قەدەغەی بڵاوکردنەوەی ناوو وێنەی تۆمەتبارانی مێردمنداڵی کردووەو سزای بەندکردن و پێبژاردنیشی بۆ سەرپێچیکاران دیاریکردووە، واتە ئەوانەی (18) ساڵیان تەواو نەکردووە، ئەمەش لەلایەك بەڵگەی ئەوەیە کە بە رەهایی نابێ دادگاییکردنی مێردمنداڵ بەرێوەبچێت، تەنانەت پێویستە دانیشتنی حوکمی کۆتایش هەر بەنهێنی بەرێوەبچێت[3].

گەر سەرنج بدەین، بەگشتی لەو یاسا پەیوەندیدارانەی خرانەڕوو، پێداگری لە خۆ دوورگرتن لە بڵاوکردنەوەی هەر هەواڵ و زانیارییەك دەکەن کە ناوو ناونیشانی تۆمەتباری مێردمنداڵی تێدا بێت و سزاشیان بۆ سەرپێیکاران دیاریکردووە، ئەوەیش بە مەبەستی زیان نەگەیاندنە بە داهاتوویان، کاتێك لە تاوانەکەیان پەشیمان دەبنەوە، یان لەرێگای سزاوە، چاکدەکرێنەوە .

لە یاسای رۆژنامەگەریی ژمارە (٣٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ی کوردستانیشدا، بە هیچ شێوەیەك و لە هیچ برگەیەکدا ئاماژە بەم بابەتە نەدراوە، ئەمەش کەموکورتیە لەم یاسایەدا، لەبەرئەوەی لەحاڵەتی بڵاوکردنەوەی ناو و وێنەی تۆمەتباری مێردمنداڵ لە میدیاکانداو بوونی سکاڵا لەسەری، دادوەر ناچار دەکات بگەرێتەوە بۆ یاسا بەرکارەکانی عیراق کە ئەوانیش جگە لە سزای ماددیی و پێبژاردن، سزای بەندکردنیان لەخۆگرتووەو ئەم جۆرە سزایەش، ئاستەنگ لەبەردەم ئازادی رۆژنامەوانیدا دروستدەکات.

لە میدیاکانی هەرێمی کوردستاندا، هەندێکجار لەکاتی رووداوەکانی تاواندا، ناوو وێنەی مێردمنداڵ بەبێ رەچاوکردنی بەرپرسیارێتی یاسایی و ئێتیکیی بڵاودەکرێتەوە. بۆ نموونە لە ماڵپەڕێکی

---

[1] مادەی ٣٧ لە یاسای مناڵان و نەوجەوانانی ئینگلیزی((Children and Young Persons Act 1933، بڕوانە ئەم بەستەرە کە لە ٢٧-١١-٢٠٢٢ سەردانکراوە. https://www.legislation.gov.uk/ukpga/Geo5/23-24/12/data.pdf?fbclid=IwAR04F3wTqtwmJGK6ic6oBNaWUEYmkdQO5xDUpxw9Im1aQP4zP7oy7qFggeQ

[2] المادة ٦٣، فقرة ١ من قانون رعاية الاحداث رقم (٧٦) لسنة ١٩٨٣-عراق.

[3] عەبدولقادر ساڵح عەبدول، هۆشیاری یاسایی رۆژنامەنوس لە روماڵکردنی هەواڵەکانی دادگادا، (سلێمانی: گۆڤاری دەرگاوان، ژمارە (٢)ی بەهاری٢٠٢٢م)، ل٧٩-٨٠.

ئەلكترۆنیی کوردیدا، ناوو وێنەی دوو مێردمناڵ بڵاودەکاتەوە کە لەلایەن دامەزراوەیەکی ئەمنییەوە ئەشکەنجە دراون[1]، لە نموونەیەکی دیکەدا، میدیایەك، منداڵێکی کچ کە دەستدرێژی کرابووە سەر، دەباتەوە شوێنی ڕوودانی تاوانەکەو چیرۆکەکەی پێدەگێڕێتەوە[2].

ئەوەی تێبینی دەکرێت، هەندێکجار لە میدیای کوردیدا، بەرپرسیارانە مامەڵە لەگەڵ بڵاوکردنەوەی ئەو هەواڵە تاوانکارییانەدا ناکرێت کە پەیوەستن بە منداڵو مێردمنداڵەوە، وەکچۆن لە یاساو ڕۆژنامەنوسیدا، بایەخدان بە چۆنێتی مامەڵەکردنی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لەگەڵ منداڵو مێردمنداڵاندا لەکاتی ڕوومالکردنو بڵاوکردنەوەی تاوانو دادگایکردنەکاندا زیادیکردووەو جۆرێك کۆدەنگیش لەنێو پسپۆڕانی یاسادا هەیە لەسەر پێویستبوونی ڕێگرتن لە بڵاوکردنەوەی ناوو وێنەی تۆمەتبار یان ئەوانەی دۆسیەی دادگاییان هەیەو تەمەنیان لە 16 ساڵ کەمترە، بەتایبەت ئەوانەی تێوەگلاون لە تاوانەکانی کوشتنو دەستدرێژی سێکسی، ئیدی گەر تۆمەتبار یان قوربانی یان شاهید بن، لەپێناو داهاتوویانو ئاسانکاری بۆ چاکسازییانو دووبارە گێڕانەوەیان بۆ کۆمەڵگە، لەحاڵەتی بڵاوکردنەوەشدا پێویستە ناو بە کورتکراوەیی لەشێوەی پیتدا دابنرێت[3]. لەو ڕوانگەیەوە کە بڵاوکردنەوەی ناوی تۆمەتبار دەبێتە هۆی ئەوەی بە درێژایی ژیانی ناوەکەی لەدیدی جەماوەرەوە بە تاوانەکەوە بلکێت، ئەمەش دەبێتە ڕێگر لە ئەگەری گەڕانەوەی بۆ ناو کۆمەڵگە. ئەگەرچی ڕایەکی دیکە هەیە لەسەر ئەوەی کە ناکرێت بەتەواوی قەدەغەی ڕەهای بڵاوکردنەوەی ناوی تۆمەتبارانی دۆسیەکانی مێردمنداڵان بکرێت، لەو ڕووەوە کە بڵاوکردنەوەی ئەم ناوانە دەشێت بەرژەوەندی گشتی بهێنێتەدی، یان ببێتە مایەی هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگە لەبەرامبەر دیاردەیەکی ترسناکدا[4]، بەڵام لە هەموو حاڵەتێکدا گرنگە بە وورییەوە مامەڵە لەگەڵ بڵاوکردنەوەی هەواڵی دۆسیەی نەوجەوانان بکرێتوەهەتاوەکو لەتوانادا بێت، وێنەو ناوی منالانی تۆمەتبار لە میدیادا بڵاونەکرێتەوە، بەهۆی ئەو کاریگەرییو شوێنەوارە نەرێنیانەی لێی دەکەونەوە، لەدوای دووبارە گەڕانەوەیان بۆ ناو کۆمەڵگە.

ئەوەی جێی سەرنجە، سەرباری هەستیاری ئەم بابەتەو ڕەنگدانەوەی لە یاساکاندا، بەڵام لە یاسا بەرکارەکانی هەرێم بە گشتیو یاسای ڕۆژنامەگەریی لە کوردستان بەتایبەتی، هیچو برگەو مادەیەکی تایبەت بە بڵاوکردنەوەی ناوو وێنەی تۆمەتباری منداڵو مێردمنداڵ نەهاتووە، ئەمەش کەمو کورتیە لەیاساکەدا، لەکاتێکدا بەرپرسیارێتی یاساییو ئێتیکیی ڕاگەیاندکارانە، کە ناوو وێنەی منداڵو مێردمنداڵی تۆمەتبار بڵاونەکەنەوە، مەگەر پاساوێکی زۆر بەهێز هەبێت، ئەم بەرپرسیارێتیەش، تەنیا لە ڕێگریکردن لە بڵاوکردنەوەی ناوو وێنەی ئەو منداڵانەدا کورت نابێتەوە کە تاوان ئەنجام دەدەن، بەڵکو لە چۆنێتی هاوکاریکردنیشیاندا بۆ ئەوەی تووشی لادان نەبن، چونکە ڕەنگە ناوەرۆکی ئەو پەیامەی ئامرازەکانی میدیا بڵاویدەکەنەوە، شوێنەواری خۆی لەسەر مێردمنداڵ جێبهێڵێتو بۆ

[1] بڕوانە ئەم بەستەرە، ئەشکەنجەدانی دوومێردمناڵ، کە لە ٢٥-٦-٢٠٢٢ سەردانکراوە: https://xorkurd.net .

[2] بڕوانە ئەم بەستەرە، لە هەولێر سێ گەنج دەستدرێژی دەکەنە سەر منداڵێك، کە لە ٦-١٠-٢٠٢٢دا سەردانکراوە: https://www.youtube.com/watch?v=cwaIMDO3M_A

[3] السيد بخيت، اخلاقيات العمل الصحفي، (الإمارات: دار الكتاب الجامعي، ٢٠١١م)، ص ٦٢-٦٣.

[4] سليمان صالح، اخلاقيات الاعلام، (الكويت: مكتب الفلاح للنشر والتوزيع، ٢٠٠٥)، ص ٣١٤.

ئەنجامدانی تاوان هانیان بدات یان حەزی لاسایكردنەوەی ئەنجامدانی تاوانیان لەلا دروستبكات، یان ڕەوایەتی بەتاوان بداتو هاوسۆزی بۆ ئەو مێردمنداڵانەدا پیشانبدات كە تاوان ئەنجامدەدەن.

**چوارەم: بڵاونەكردنەوەی وێنەی تاوانلێكراو و قوربانی**

بڵاوكردنەوەی وێنەی تاوانلێكراوو قوربانی لە میدیادا بە گشتیو لە ئامرازەكانی میدیای نوێدا بەتایبەتی، بەپێی ئەو زانیاریانەی دەخرێنەڕوو، بە ئاستێكی بەربڵاوو بەبێگوێدانە دۆخی قوربانیەكەو ئەو كاریگەرییانەی لەسەری دروستدەبن، دەبینرێت، لەكاتێكدا بەپێی بنەما یاساییو پێوەرە ئێتیكیەكانی فدراسیۆنی نێودەوڵەتی ڕۆژنامەنوسان (1954)، ئەم بڵاوكردنەوەیە، پێشێلكاریو نابەرپرسیارێتیە، ئەو بابەتانەشی دەكەونە ئەم چوارچێوەیە، وەك ناو و وێنەی كەسی كوژراو لە شوێنی تاوان، ئەو كەسانەی هەوڵی خۆ كوشتن دەدەن، ئەوانەی دەستدرێژی سێكسیان دەكرێتەسەر. هەروەها وێنەی قوربانیانو ئەوەی زەوقی گشتی تێكدەدات لەنێویشیاندا وێنەی خوێنو تەرمو پارچەكانی جەستە، هەروەها هەموو ئەو شتانەی دەبنەی مایەی لەكەداركردنی شكۆی مرۆڤو دەستدرێژیكردن بۆ سەر پیرۆزیی ژیانو جەستە، هەروەها وێنەی ئابڕوبەریو جەستەی رووت[1].

ناوو وێنەی تاوانلێكراوانو قوربانیانی ڕووداو یان خستنەڕووی ناونیشانی ئەوانەی پەلاماردراون، دەكەوێتە چوارچێوەی مافی (تایبەتمەندێتی*)و بڵاوكردنەوەشیان دەبێتە هێرشكردنە سەر ژیانی تایبەتیان[2]، لەكاتێكدا لەڕووی دەستووریو یاساییەوە ئەو مافە پارێزراوەو لەڕووی دادوەرییشەوە جێگیركراوە. هەروەها بڵاوكردنەوەی وێنەی قوربانیو تاوانلێكراوان لە میدیاكاندا، پێشێلكردنی مافی شكۆدارێتی مرۆڤ (حق فی الكرامە*)یە، هەروەكچۆن شكاندنی شكۆی جەستەی مردوو، تاوانە[3]،

[1] صالح مشارقة و اخرون، اخلاقیات الاعلام، (الفلسطین: مركز التطویر الاعلام، ٢٠١٧)، ص ١٦٥-١٦٦.

* تایبەتمەندێتی: تایبەتمەندێتیی بە زانیارییە كەسییەكانی تاكەكەس ناسێنراوە كە هیچ كەسێك ئارەزووی ئاشكراكردنی یاخوود بەزاندنی سنوورەكانی، بەبێ وەرگرتنی مۆڵەتی پێشوەختە یان بەبێ لێپێچینەوەی یاسایی ناكات. بڕوانە: Shwan Aivas, 2017. Kurdish journalism cultures (Doctoral dissertation, Doctoral dissertation. Nottingham Trent University)..» AIVAS, 2017: 215) Aivas, S.A.W., 2017. Kurdish journalism cultures (Doctoral dissertation, Doctoral dissertation. Nottingham Trent University).

[2] العاقب عیسی، حمایة حق الانسان في صورتة، (العراق: دراسات قانونیة صادرة عن مركز البصیرة للبحث والاستشارات والخدمات التعلیمیة، العد ١٦، ٢٠١٣)، ص١٣.

* مافی شكۆدارێتی (حق فی الكرامە): بەڵگەنامە نێودەوڵەتیەكانی مافی مرۆڤی وەك جاڕنامەی جیهانیو پەیماننامەی مافە مەدەنیو سیاسیەكانو پەیماننامەی ئەفریقی بۆ مافەكانی مرۆڤو ..هتد، جەختیان لەسەر مافی شكۆدارێتی بۆ مرۆڤ كردووەتەوەو وایدەناسێنن كە هەموو تاكێك مافی ڕێزگرتنی كەرامەتەكەیو داننان بە كارەكتەرە یاساییەكەی هەیە،و نابێ روبەڕووی شێوازەكانی خراپ مەلەكردن، سوكایەتیپێكردن، بە كۆیلەكردن، سزادانو ئازاردان، مامەڵەی دڕندانەو نامرۆییانەو رسواكەرانەو ...هتد، بكرێتەوە. بڕوانە: نبیل عبدالفتاح عبدالعزیز قوطة، الحق في الكرامة في منظور القانون الدولي العام، (مصر:مجلة الدراسات القانونیة والاقتصادیة، المجلد ٩، العدد ٢، یونیو ٢٠٢٣)، ص١٤٩٩-١٥٠٠.

[3] المادة ٢٧٤ من قانون العقوبات العراقي.

هەروەها شێواندنی گۆریش لە یاسادا تاوانە[١]، لەبەرئەوە دروست نیە بێتە بابەتی مامەڵەپێکردنەوە، چونکە زیان بە شکۆو کەسێتی مرۆڤ دەگەیەنێت.

پاراستنی ئەم مافەش تەنها پەیوەندی بە تاکە کەسێکەوە نیەو پەیوەندی بە خێزانی کەسەکانەوە هەیە، بەوەیش خراپترین لایەنی بڵاوکردنەوەی هەواڵەکانی تاوان، زیانگەیاندنە بەکەسەکانو ئابڕووی خێزانەکانیان، ئەمەش زیاتر خۆی لە بڵاوکردنەوەی ناوو وێنەی ئەو تاوانلێکراوانەدا دەبینێتەوە کە قوربانی تاوانەکانی لاقەکردنو پەلاماردانن، بەبێ بوونی پاساوێکی دروست لەلایەن بڵاوکەرەوەکانەوە[٢]. سەرباری ئەوەش، بڵاوکردنەوەی وێنەی قوربانی دەبێتە هۆی ئەوەی کەسەکە دووبارە ببێتەوە بە قوربانی بەتایبەتیش کاتێك کە وێنەکە لە دۆخێکی رسواییو ئابڕووبەڕانەدا دەخرێتەڕوو. بەوپێیەش، بڵاوکردنەوەی ناوو وێنەی قوربانیانو تاوانلێکراوان، پێشێلکردنی یەکێك لە مافە بنەڕەتیەکانی مرۆڤە، کە مافی شکۆدارێتیە، ئەمەش خۆی لە دەستوەرنەدان لە ژیانی تایبەتی کەسەکانو زیان نەگەیاندن بە ناوو ناوبانگو ئابڕووی کەسەکانو خێزانەکانیان، دەبینێتەوە.

لەڕووی یاساییشەوە، بڵاوکردنەوەی وێنەی قوربانی بەبێ رەزامەندی خاوەنەکەی، بەرپرسیارێتی سزایی لێدەکەوێتەوەو بە تاوان دادەنرێت، بەڵام ئەگەر رەزامەندی هەبوو لەسەر بڵاوکردنەوەکەی، ئەوا تاوان نیەو رێپێدراوە، لەبەرئەوە یاسا رەزامەندی راشکاوانە بۆ بڵاوکردنەوەکە بە مەرج دادەنێت[٣]، واتا بەمەرجێك رەچاوی یاساکانی بڵاوکردنەوە بکات، هەربۆیە هەموو بڵاوکردنەوەیەکی وێنەکە، بەبێ رەزامەندی خاوەنەکەی، دەستدرێژیکردنە بۆ سەر مافی یاسایی کەسەکەو بەناڕەوا دادەنرێت. لەو چوارچێوەیەدا، ئەم بابەتە دەبێتە جێی بایەخی یاسادانەرانو لەناواخنی یاسا گشتیو تایبەتیەکاندا رەنگیداتەوەو بە مادەو برگەی تایبەت قەدەغەکراوە، بۆ نموونە یاسادانەری فەرەنسی، تاوانی خستنەڕووی وێنەی مەرگەساتو ئازارو مەینەتیەکانی قوربانیانو تاوانلێکراو لە میدیاکاندا بەتاوان داناوە[٤]. ئەگەرچی لە بڕیارێکیدا، دادگای هەڵوەشاندنەوەی فەرەنسی، بڵاوکردنەوەی وێنەی رووداوە گرنگە هەنوکەییەکانی بە تاوانەکانیشەوە بە دروست زانیوە، ئەوەیش لەپێناو هێنانەدی مافی زانینو مافی کۆمەڵ لەراگەیاندندا، بەڵام بە مەرجی رێزگرتن لە مافی شکۆدارێتی مرۆیی قوربانیان، کە ئەم مافەش قوربانیانی مردووش دەگرێتەوە کە دروست نیە وێنەکانیان بڵاوبکرێتەوە[٥]. لە یاسای سزادانی عیراقیشدا، بڵاوکردنەوەی ناوو وێنەی ئەو کەسانەی بوونەتە قوربانی تاوانی

[١] المادة ٣٧٣ من قانون العقوبات العراقي.

[٢] محمد عبدلقادر حاتم، ديموقراطية الاعلام والاتصال،(مصر: الهيئة المصرية العامة للكتاب، ١٩٩٦)، ص ١٤١-١٤٢.

[٣] مصطفى احمد عبد الجواد حجازى، سەرچاوەی پێشوو، ص ١٥٨.

[4] L.266-3, alinea 2. Article R266-3 - Code de l'action sociale et des familles - Légifrance (legifrance.gouv.fr)

[٥] بلحاج يوسف، الحماية القانونية للحق في الصورة، مذكرة للنيل شهادة الماجستير، (الجزائر: جامعة الجلالي ليابس-سيدى بلعباس كلية الحقوق والعلوم السياسة، ٢٠١٤-٢٠١٥)، ص٤٦. هەروەها بڕوانە ئەم بەستەرە کە لە ٨-٩-٢٠٢٢دا سەردانکراوە: Loi n° 2000-516 du 15 juin 2000 renforçant la protection de la présomption d'innocence et les droits des victimes - Légifrance (legifrance.gouv.fr)

لاقەكردنو دەستدرێژیكردنە سەر ناموس[١]، قەدەغەكراوەو سزای بۆ سەرپێچیكاران دیاریكردووەو ئەمەش بۆ پاراستنی ناوو ناوبانگو ئابڕونەچوونی كەسی قوربانیو تاوانلێكراوەو بۆ ئەوەی لەلایەن تاكەكانی كۆمەڵەوە بە چاوێكی كەم سەیر نەكرێت.

بڵاوكردنەوەی ناوو وێنەی قوربانیان لە یاسا تایبەتەكانی بواری رۆژنامەوانیشدا بەهەند وەرگیراوە، بۆ نموونە لە یاسای رۆژنامەوانیی ئازادیی فەرەنسیدا، باس لە سزادانی ئەوانە دەكات كە وێنەی قوربانیان تاوان بڵاودەكەنەوە گەر هاتوو دەستدرێژییەكی مەترسیداری تێدابوو بۆ سەر شكۆی قوربانیەكەو هەروەها بڵاوكردنەوەكە بەبێ رەزامەندی تاوانلێكراو ئەنجامدرابوو[٢].

بەپێچەوانەوەشەوە، سەرباری گرنگی ئەم بابەتەو بڵاوكردنەوەی ناوو وێنەی تاوانلێكراوانو قوربانیان لە میدیاكاندا، كەچی لە یاسای ژمارە (35)ی ساڵی 2007ی رۆژنامەگەریی لە كوردستان، بە روونیو دیاریكراوی ئاماژەی پێنەدراوە، كە ئەمەش وەك كەموكورتی لەیاساكەدا دەبینرێت، لەبەرئەوەی لەحاڵەتی بوونی سكاڵا لەسەر بڵاوكردنەوەی ناوو وێنەی قوربانیو تاوانلێكراو لەسەر هەر میدیاو میدیاكارێك، دەكەوێتە سەر لێكدانەوەی دادوەر بۆ ئەو تەنها بڕگە گشتیەی یاسای رۆژنامەگەریی كوردستان كە دەڵێت "هەر بابەتێك زیان بە رێكاری لێكۆڵینەوەو دادوەری بگەیەنێ، تەنیا مەگەر دادگا رێگەی بە بڵاوكردنەوەی دابێ"[٣]. یان پەنا بردن بۆ یاسا بەركارەكانی دیكە كە روونتر ئاماژەیان بۆ ئەم بابەتە كردووە.

لە رێنماییەكانی وەزارەتی رۆشنبیریی تایبەت بە كاری میدیایی-دا، روماڵو گواستنەوەی راستەوخۆی تاوانەكانی كوشتنو خۆ كوشتن بەتاوان دانراوەو تیایدا هاتووە" میدیای بیستراوو بینراو مافی (روماڵو گواستنەوەی راستەوخۆ)ی تاوانەكانی كوشتنو خۆ كوشتنی نیە"[٤]. سەبارەت بەم بڕگەیە، ئەگەر گریمانەی ئەوە بكەین كە مەبەست لەم بڕگەیە، پاراستنی شكۆی مرۆییو ناوو ناوبانگی قوربانیو تاوانلێكراوو زیان نەگەیاندن بێت بە رەوتی دادپەوەریی، لەرووی یاساییو ئێتیكیەوە پەسەندە، بەڵام ئەگەر مەبەست لێی سنوردانانو قەدەغەكردنی روماڵ بێت بۆ هەموو پرسو بابەتێكی پەیوەست بە هەواڵی تاوانو كوشتن گونجاو نیەو سنورداركردنی ئازادی رۆژنامەوانیە، ئەوەش بەپێی هەلومەرجو جۆری رووداوەكە دەگۆڕدرێ. لە بڕگەیەكی دیكەدا، كە جەخت لەسەر بڕگەی (١٧)ی مادەی (٤)ی رێنماییەكە كراوەتەوەو تیایدا هاتووە" میدیای بینراو و بیستراو مافی روماڵی تاوانەكانی كوشتنو خۆكوشتنی نیە بەجۆرێك زیان بە دەروونی بینەرو وەرگر بگەیەنێتو ببێتە هۆی تێكچوونی شیرازەی كۆمەڵایەتی، یان ببێتە هۆی چاولێكردنو لاسایكردنەوە"[٥]. ئەم بڕگەیە،

[١] المادة ٣٧ من قانون العقوبات العراق.

[2] Article R266-3 - Code de l'action sociale et des familles - Légifrance (legifrance.gouv.fr).

[٣] مادەی ٩، بڕگەی ٦ لە یاسای ژمارە (٣٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ی رۆژنامەگەریی لە كوردستان.

[٤] بڕگەی (١٧) لە مادەی (٤)ی خاڵی سێیەم لە رێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٣ی وەزارەتی رۆشنبیریی تایبەت بە كاری میدیایی لە هەرێمی كوردستان.

[٥] بڕگەی (١٩) لە مادەی (٤)ی خاڵی سێیەم لە رێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠٢٣)ی وەزارەتی رۆشنبیریی تایبەت بە كاری میدیایی لە هەرێمی كوردستان..

لەڕووی مافی بڵاوکردنەوە پەسەند نیەو ئاماژەی سنوردارکردنی تەواوەتی ئازادی رۆژنامەوانییو رادەربڕینی تێدایە، لەکاتێکدا ئەم جۆرە هەواڵانە بەهای هەواڵییان تێدایەو مافی میدیاکانە رومالّی تاوانەکانی کوشتنو خۆکوشتن بکەنو لەهەمانکاتدا جەماوەریش مافی ئەوەی هەیە کە بزانێت چی رویداوەو چی دەگوزەرێت. پەیوەست بە دیویکی دیکەی بڕگەکە، بەوەی بڵاوکردنەوەکەی مەرجدار کردووەو نەبێتە هۆی تێکچوونی شیرازەی کۆمەڵایەتیو لاسایکردنەوە، ئەم بڕگە لەڕووی ئێتیکیەوە پەسەندەو بۆ هەر هەواڵێکی دیکەی رووداوە تاوانکارییەکان هەر ڕاستە.

لە میدیاکانی هەرێمی کوردستانیشدا، بڵاوکردنەوەی وێنەی قوربانیو تاوانلێکراو بە ئاستێکی بەربڵاو دەبینرێت، بۆ نموونە پیشاندانی وێنەی ئەو کەسانەی دەستدرێژیان کراوەتەسەر بەتایبەتی ئەو کچە منداڵو مێرمنداڵانەی دەستدرێژیان کراوەتەسەر یان پیشاندانی خێزانو دایكو باوكی ئەوانەی دەستدرێژییان کراوەتەسەر[1].

کەواتە، بڵاوکردنەوەی ناوو وێنەی قوربانیو تاوانلێکراو لە میدای نوێی کوردیدا بوونی هەیە، لەکاتێکدا، لە یاسا بەرکارەکانی هەرێمی کوردستانداو بەبەتایبەت یاسای رۆژنامەگەریی ژمارە (35)ی ساڵی 2007دا، بە دەقێکی راشکاوو روون، بڵاوکردنەوەی ناوو وێنەی تاوانلێکراوانی قەدەغە نەکردووە، کە ئەمە لەلایەك لە بەرژەوەندی ئازادی رادەربڕینو رۆژنامەگەرییەو گەرەنتی مافی خەڵك لە زانینو ئاگاداربوونی رووداوەکان دەکات، لەلایەکیش دەکرێ وەك کەموکورتی یاساکە سەیری بکەین.

لەگەڵ ئەوانەشدا، بڵاوکردنەوە ناوو وێنەی قوربانیان، ئیدی قوربانی تاوانی دەستدرێژییو ئابڕووبەریی بن، یان ئەو قوربانیانەی کە تەرمیان شوێنراوەو پارچە پارچە کراون، جگە لەوەی کە کاریگەریی نەرێنی لەسەر شکۆ، ژیانی تایبەتی، ئابرووی کەسەکانو باری دەروونیان دروستدەکات، دەشێت ئەو وێنانە لە بیرو مێشکی کەسەکاندا بمێننەوەو حەزی تاوانکاریو شەڕانگێزییو گیانی تۆڵەکردنەوەیان تێدا دروستبکەن. هەر لە بەرئەمەشە یاسادانەران بڵاوکردنەوەی ناوو وێنەی قوربانیانیو تاوانلێکراوانیان قەدەغەکردووەو بە پێشێلی مافی کەسەکانیشی دەزانن.

### پێنجەم: بڵاونەکردنەوەی زانیاری لێکۆڵینەوەی دادوەریی

زانیاریی لێکۆڵینەوەی دادوەریی، سەبارەت بەو تاوانانەی لە کۆمەڵگەدا روودەدەن، بایەخێکی زۆری لەلایەن وەرگرانەوە هەیە، تەنانەت پەیامنێری ئامرازەکانی راگەیاندن لەپێناو دەستخستنی

[1] بڕوانە ئەم بەستەرانە کە لە ٧-١١-٢٠٢٢ سەردانکراون:

- MEWDAMEDIA، چیرۆکی دەستدرێژکردنە سەر مناڵێکی کچو کوشتنی:

https://www.facebook.com/552540304934896/videos/%D8%B4672422907812418/?__so__=permalink&paipv=0&eav=Afaip-lWoHmk2at90UEHnEtOCWf5LEfoB_-3IiRi67w6zKNTeFKYoZXlYd1n68hs88w&_rdr

- ماڵپەڕی ئەلکترۆنیی دەنگی ئەمریکا ((VOA، بڵاوکردنەوەی وێنەی باوکی کچێك کە دەستدرێژی کراوەتەسەری:

https://www.dengiamerika.com/a/kurdistan/4966686.html

- چەناڵی یوتوبی RUDAW، سێ کەس دەستدرێژی دەکەنە سەر کچێکی حەوت ساڵان

-https://www.youtube.com/watch?v=ZPeHVlN3F2k

ناوبانگـدا، بە پەلەن بـۆ ئامـادەبوون لە شـوێنی روودانـی تـاوانو گـوێگرتن لە وتەی شـاهیدەکانو قوربانیـانی رووداوەکە. هەروەهـا دەکـرێ ئەو ئەو زانیاریـانە لە دادگـاو لەنـاو پەڕاوی لێکـۆڵینەوە تاوانکارییەکانەوەو لەڕێی دواندنی کارمەندانی دادگا یان دزەکردنی زانیارییەوە، دەست میدیاکاران بکەون[١].

هەروەهـا دەشـێ ئەو هەواڵو زانیارییـانەی میـدیاکان لە رووداوە تاوانکارییەکـان دەسـتیان دەکەون، لە لێکـۆڵینەوە فەرمیەکانـدا نەهـاتبن و ئەو بەڵگـانە پێشـکەش بە دەسـەڵاتی لێکـۆڵینەوە بەرێگەی یاسایی نەکرابن[2]. ئەگەر بەڵگەکانیش وتە بـن، وەکـو گەواهـی بـۆ خـاوەنەکەی دانرابێـت، بەبێ ئەوەی رێوشوێنە یاساییەکان گیرابێتنەبەر، لە نموونەی سوێندخواردنو...هتد..[٣]. هەرچەندە، ئەو لێکـۆڵینەوەو بەدواداچـوونە رۆژنامەوانیـانەی میـدیاکان لەبـارەی زانیـارییە دادوەرییەکـانو رووداوە تاوانکارییەکـــانەوە ئەنجـــامی دەدەن، لەو بابەتـــانەن کە دەکەونە چوارچێـــوەی تاوانەکـــانی بڵاوکردنەوەوە، ئەوەیش بەهۆی مەترسیی کاریگەرییان بۆ سەر لایەنەکانی تاوانەکە، چونکە میدیاکان تەنها بە وەرگرتنی زانیاریی لێکۆڵینەوە لە رووداوە تاوانکارییەکان، لەسـەرچاوە فەرمیەکـانەوە، قایـل نـابن، بەڵکـو هەنـدێك لە پەیامنێرەکانیـان لە شـوێنی رووداوەکە ئامـادە دەبـنو وێـنەو لێـدوان وەردەگرنو پرسیار لە شاهیدحاڵەکانیش دەکەن، هەروەها پرسیار لەو کەسانەش دەکەن کە پێیـانوایە پەیوەنـدییان بە رووداوەکەوە هەیەو گوێیـان لێـدەگرن، لەم کـاتەدا ئـێمە لەبەردەم دوو جـۆر بەدواداچونـدا دەبـین، یەکەمیـان: بەدواداچـونی میـدیاکان، دوووەمیشـیان: ئەو بەدواداچـونەیە کە دەسەڵاتە فەرمیو تایبەتمەندەکان پێی هەڵدەستن[٤].

کەواتە، هەندێك وا راڤەی دەکەن، کە بەدواداچونو بڵاوکردنەوەی ئەم زانیارییە دادوەرییانە، بە دەسـتدرێژی دادەنـرێنو دەچـنە نـاو پسـپۆڕێتی دەسـەڵاتێکەوە کە یاسـا ئەرکـی ئەنجامـدانی ئەو بەدواداچوونانەی پێسپاردووە، لەبەرئەوە ئەم دەستێوەردانە نایاساینو دەبنە ئاستەنگی بەردەم کاری ئەو دەسـەڵاتەو تێکـدانی ئەو بەڵگـانەی کۆیـان دەکـاتەوە، هەروەهـا بەهەڵەدابردنـی ئاڕاسـتەکانی ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەشی لێدەکەوێتەوە .

بەوپێیەش، رووماڵکردنی میدیاییانەی دۆسیەکانی تاوان لە دادگـا تاوانکارییەکانـدا، کاریگەرییـان بۆ سەر رەوتـی لێکـۆڵینەوە هەیە، کە رەنـگە ئەو زانیـارییە دادوەرییـانەی بڵاودەکـرێنەوە، یـارمەتی تۆمەتباری هەڵاتوو بدەن بۆ دەربازبوونیان لە دەست پۆلیسـیو هێـزە ئەمنیەکـان، یـان لەوانەیە ئەو روماڵکردنە ببێتە هۆی لەکەدارکردنی کەسی تۆمەتبار کە دەشێت بێتـاوان دەربچێـت[٥]. یـان لەوانەیە حوکمدانی پێشوەختی تێدا بێت لەسەر تۆمەتبارو پێش بڕیاری دادگا بکەون .

---

[١] نوزاد احمد یاسین شوانی، اثر الاعلام على الشاهد في الدعوى الجنائية، (عيراق: مجلة جامعة تكريت للعلوم القانونية، المجلد 4 لسنة 4، العدد 15، 2012). ص٢٠.

[2] Elizabeth, M.Kelly et al.Maintaining Impartiality, Does Media coverage of trials need to be curtailed,( USA: journal of civil rights and economic development, vol.10, Issue No2,, 1995),p.371.

[٣] المادة ٢٨٣ من قانون الاجرائات الجنائية المصرية.

[4] Philip H, Reportiong the news, Dood, ((USA: 4th ed Mead compony, 1985), p.203.

[٥] بسام عبدالرحمن المشاقبة، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٠٠.

لەو چوارچێوەیەداو بۆ بەرگرتن لەو كاریگەرییە نەرێنیانە، لەساڵی (1966)دا لە ئەمریكا، هەندێك لە دادوەران چەند رێوشوێنێكیان بەناوی (بەرگرتن لە بڵاوكردنەوە- Gag Orders) بەسەر میدیاكانی ئەو وڵاتەدا سەپاند بە مەبەستی رێگرتن لە بڵاوكردنەوەی هەندێك لایەنی دادگاییكردنو ئەو زانیارییە دادوەرییانەی كە كاریگەرییان بەسەر باش بەڕێوەچوونی پرۆسەی دادوەرییەوە هەیە، وەك حوكمدانی پێشوەخت[١]. دیارترین نموونەش لەوبارەیەوە لەساڵی ١٩٥٥دا لە ئەمریكا رویدا، لەكاتی دادگاییكردنی پزیشكێكدا بوو كە بە كوشتنی هاوسەرەكەی تۆمەتبار كرابوو، هەندێك لە راگەیاندنەكان ووردەكاری پەیوەندی ئەو پزیشكەیان بە خانمێكی گەنجەوە بڵاوكردەوە، ئەم هەواڵە كاریگەریی بەسەر رێڕەوی دادگاییكردنەكەوە بەجێهێشتو رای گشتی لە دژی پزیشكەكە ووروژاند، ئەمەش وای لە دادگای باڵای دستووری ئەو وڵاتە كرد كە سەركۆنەی بڵاوكردنەوەی ئەو زانیاریانە بكاتو بە حكومدانی پێشوەختی ناوبرد[٢].

هەرچەندە رایەكی پێچەوانەش هەیە كە بایەخدانی میدیا بە دۆسیەكانی پەیوەندیدار بە دادوەریی، بەدواداچوونی هەواڵو زانیاریی لەبارەی تاوانو تاوانباران، وێرای ئەوەی كاریگەرییەكی ئەرێنی لەسەر بەرچاوروونی رایگشتی و رۆشنكردنەوەی بارودۆخی دادبینیو دەسەڵاتی دادوەری هەیە، دەبێتەمایەی بەردەوامبوونی پرۆسەی چاودێریی دادگاكانیش لەلایەن میدیاكانەوە[٣]. رەنگە ئەم بۆچوونە لەوەوە سەرچاوە بگرێت كە دەشێ دادوەرو دەسەڵاتی دادوەری، كاریگەر بێت بەو ژینگە سیاسیو ئابوریو كۆمەڵایەتیەی تێیدایە، بۆیە چاودێریكردنیان لەلایەن رای گشتیەوەو لەڕێی میدیاكانەوە، كاریگەری ئەرێنی دەبێت.

بڵاوكردنەوەی زانیارییەكانی لێكۆڵینەوەی دادوەری لە یاسا تایبەتو گشتیەكاندا رەنگیانداوەتەو بە گوێرەی یاسای هەندێك لە وڵاتان قەدەغەكراوەو بە تاوان دادەنرێت، بۆ نموونە دادگایەكی سكۆتلەندی لە ئینگلتەرا، دزەپێكردنو بڵاوكردنەوەی زانیاری دادوەریی لەلایەن رۆژنامەی تایمزی بەریتانی ((Times newspaperوە بە تاوان داناو سزای دارایی بەسەردا سەپاند، لەبەرئەوەی رۆژنامەكە زانیاریی لەبارەی دانیشتنی نهێنی ئەنجومەنی سوێندخۆرانی ئەو وڵاتە بڵاوكردەوە كە لەلایەن یەكێك لە ئەندامانی ئەنجومەنی سوێندخۆرانەوە دزە بە زانیارییەكان كرابوو[٤].

لە یاسای میسریداو لە ماددەی (187)ی سزاداندا، سزای پێبژادنو بەندكردن دیاریكراوە بۆ هەر كەسێك بابەتێك بڵاوبكاتەوە كە ببێتە هۆی كاریگەریی لەسەر رێچكەی دادوەریی پێش ئەوەی

---

[1] James D. Harless, Mass Communication and Introductory Survey, (USA:Wn. C. Brown Publishers, 1985), p.488.

[2] Hunter, Julius K. and Gross, Lynne S. Broadcast News: the inside out,(USA: The C. V. Company,1980),pp. 239-240.

[٣] حمزه كرمی نقیبی و دیگرانKتعاملی بر اثرگذاری رسانه در ارتكاب و پیشگیری از جرم در پرتو جرم¬شناسی فرهنگی، (تهران: مجله پژوهشنامه حقوق تطبیقی، دوره ٦، شماره ٢، پاییز١٤٠١)، ص٦١.

[4] Tim Crook, THE MEDIA LAW POCKETBOOK,( LONDON AND NEWORK: Routledge Taylor & Franis Group, 2023), p5-6.

کۆتایی بە سکاڵا هاتبێت، کە تیایدا بە دەق هاتووە"بە بەندکردن سزا دەدرێت بۆ ماوەیەك لە شەش مانگ کەمتر نەبێتو بەپێبژاردنێکیش کە لە پێنج هەزار جونەیهی کەمتر نەبێتو لە 10هەزار جونەیهیش زیاتر نبێت، هەر کەسێك بە یەکێك لەو ڕێگایانەی پێشتر باسکراون، ئەو بابەتانە بڵاودەکاتەوە کە ئەگەری هەیە کاریگەرییان لەسەر ئەو دادوەرانەی کە دادگاییکردنی دۆسیەیەکیان پێ سپێردراوە لەبەردەم هەریەکێك لە دەسەڵاتە دادوەرییەکانی وڵات یان لە پیاوانی دادگا، یان داواکاری گشتی، یان ئەو فەرمانبەرانەی کە راسپێردراون بە ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە یان کاریگەریی لەسەر ئەو شاهیدانە دابنێت کە دەیانەوێ شایەتی بدەن لەو لێکۆڵینەوەیەدا، یان هەر کاروبارێك کە ببێتە هۆی ئەوەی ڕێگری لە کەسێك بکات کە زانیاریی لەسەر کارێك ئاشکرا بکات، یان کاریگەریی لەسەر رای گشتی لە بەرژەوەندی لایەنێکی سکاڵاکە یان لێکۆڵینەوەکە یان لە دژی دابنێت"[1].

ئەم مادەیەی یاسای سزادانی میسری بۆ بەرگرتن لەکاریگەری بڵاوکردنەوە لەسەر لایەنە ناکۆکەکانی تاوان، بەڕوونی هاتووەو هەردوو سزای بەندکردنو پێبژارنیشی لەخۆگرتووە، بەڵام لەناوەرۆکدا یاسایەکی توندەو ئازادی رۆژنامەنوسی بە ئاستێکی فراون سنوردار کردووە.

کەواتە بڵاوکردنەوەی زانیاری لێکۆڵینەوەی دادوەری، کاریگەری لەسەر بڕیارو بیروباوەڕی دادگا هەیە بەر لە کۆتایی هاتنی داواکە، هەربۆیە ئەم تاوانبارکردنەکە، بە گەرەنتی بۆ پاراستنی لایەنەکان تاوانو هەروەها بێلایەنی داگا خۆیشی دادەنرێت، وەکچۆن یاسادانەرێك دەڵێت "پاساوەکانی ئەم تاوانبارکردنی بڵاوکردنەوەیە، بۆ ئەو کاریگەرییو شوێنەوارانە دەگەڕێتەوە کە لە سەرنجە مەبەستدارەکە دەکەوێتەوە، کە دەکرێت ببێتە هۆی ئەوەی لە بیرکردنەوەی داگادا بڕیاری پێشوەخت دروستبکات"[2].

لە یاسای سزادانی فەرەنسیشدا، بڵاوکردنەوەی هەر زانیارییەکی پەیوەست بە رووداوی تاوانکاریو لێکۆڵینەوە قەدەغە کردووە کە ببێتە هۆی زیانگەیاندن بە ڕێکارو بڕیاری دادوەریی[3]. یاسادانەری عیراقیش لە مادەی (4/235) یاسای سزدادانی عیراقیدا، بڵاوکردنەوەی هەندێك قۆناغو وردەکاری زانیاری لەلایەن میدیاکانەوە بەتاوان داناوەو کە تیایدا بە دەق هاتووە "ڕوماڵکردنی ئەو ڕێوشوێننەی کە لەدادگا گیراونەتەبەر، بەڵام بەشێوەیەك کە ئەمانەتی تێدا نەبێتو مەبەستی خراپی لە پشتەوە بێت"[4].هۆکاری بەتاوان دانانی ئەم بڵاوکردنەوەیە لەلایەن یاسادانەرانەوە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەگەری دەستکاریکردنو شێواندنی زانیارییەکانو ڕێوشوێنە دادوەرییەکان لەکاتی بڵاوکردنەوەدا ڕوونەدات .

لە یاسای رۆژنامەگەریی کوردستانیشدا، بڵاوکردنەوەی زانیاری لێکۆڵینەوەی دادوەری قەدەغەکراوەو تیایدا بەم شێوەیە هاتووە" هەر بابەتێك زیان بە ڕێکاری لێکۆڵینەوەو دادوەری

[1] المادة (١٨٧) من قانون رقم ٥٨ لسنة ١٩٣٧ معدل.

[2] G.levasseur, vingt deuxiemes jornees defens sosiale la publication dasns le prosess penal rapport indroductif, (francaise. Rev. sc. Crim.n2 1976).p526.

[3] Article 434-16-Code penal

[4] الفقرة (٤) من المادة ٢٣٥- من قانون العقوبات العراقي.

بگەیەنێت، تەنیا مەگەر دادگا رێگای بە بڵاوکردنەوەی دابێ"[1].

تویژەر پێی وایە، ئەو برگەیەی لە یاسای رۆژنامەگەریی کوردستاندا سەبارەت بە بڵاوکردنەوەی زانیاریی لێکۆڵینەوەی دادوەریی، هاتووە، زۆر لاستیکیو ناڕوونەو نازانرێت کە ئەو بابەتەی لەبارەی هەواڵی تاوانو دادگاوە بڵاودەکرێتەوە، چۆن بابەتێك بێت تاوەکو زیان بە رێکاری لێکۆڵینەوەو دادوەریی نەگەیەنێت؟!، ئەمەش دەکرێت رێگر بێت لەوەی کە رۆژنامەنوسو میدیاکار بتوانێت رومالّی رووداوەکانی تاوانو دادگا بکات، یان دەشێت هەر هەواڵێك لەبارەی هەواڵی تاوانو دادگاوە بڵاوبکرێتەوە، والێکبدرێتەوە کە زیانی بە رێکاری لێکۆڵینەوەو دادوەریی گەیاندبێت، ئەمەش دژو پێچەوانەیە لەگەڵ بنەماو پرەنسیپی ئازادی رادەربڕینو رۆژنامەنوسیو مافی دەستکەوتنی زانیاری کە مافی هەموو کەسێکە لەرێگەی میدیاکانەوە ، زانیاری لەسەر دادگا ئاشکراکان دەستبکەوێت.

لە رێنماییەکانی وەزارەتی رۆشنبیریی تایبەت بەکاری میدیایی لە هەرێمی کوردستان-دا، ئاماژە بە قەدەغەکردنی"دانیشتنە نهێنیەکانی دادگاییکردن یان نهێنیەکانی لێکۆڵینەوە"[2] کراوە. ئەم برگەیە، کە ئاماژەی بڵاوکردنەوەی زانیاری لێکۆڵینەوەی دادوەری لەخۆدەگرێت، پەسەندەو ناکۆك نیە بە پرەنسیپە یاساییەکانو ئامانج لێی کاریگەری نەخستنە سەر رەوتی لێکۆڵینەوەی دادوەرییو ئاستنەنگ دروستنەکردنە بۆ لێکۆڵینەوە دادوەرییەکان.

لە هەرێمی کوردستان، رووماڵکردنو بڵاوکردنەوەی زانیاریی لەبارەی رووداوە تاوانکارییەکانو وەرگرتنی لێدوان لە کەسوکاری لایەنەکانی رووداوەکانو حوکمدان لەسەر کەسانی تۆمەتبارو رێوشوێنو رێکارەکانی لێکۆڵینەوە لە میدیای نوێ-دا، خەریکە دەبێتە دیاردە. بۆ نمونە لە بڵاوکردنەوەی رووداوی کوشتنی گەنجێکدا لە کافتریایەك، هەموو زانیارییەکی لێکۆڵینەوەی دادوەریی دەوترێتو تیایدا پێشینەی تۆمەتبارو تاوانلێکراوو دەخرێتەڕوو، کە پێچەوانەی یاسا بەرکارەکانە[3].

دوا بەدوای بڵاوکردنەوەی ئەو رووداوە، سەرۆکایەتی داواکاری گشتی راگەیەنراوێکی بڵاوکردەوەو ئەو جۆرە بڵاوکردنەوەو بە تاوان داناو تیایدا هاتووە "تێبینی کراوە لە کاتی رومالّکردنی هەواڵو زانیاری سەبارەت بەهەر رووداوێك و تاوانێك بەتایبەتی تاوانی کوشتن لە لایەن بەشێك لە کەنالەکانی راگەیاندن لەو کاتەی کە دادگا و لایەنە پەیوەندیدارەکان سەرقاڵی کۆکردنەوەی زانیاریو لە لێکۆلینەوەن تیایاندا، کەچی بەبێ رەچاوکردنی یاسا و رێنماییە بەرکارەکان لە هەرێمی کوردستان، زانیاری بێ بنەما و ناڕاست بڵاودەکەنەوەو لێکدانەوەی پێشوەختەو نادروست بۆ رووداوەکان دەکەن وێرای چاوپێکەوتن لەگەڵ کەسوکاری تاوانلێکراو کە ئەمەش پێچەوانەی دەقی مادەی (٢٣٦)ە لە

[1] مادەی (٩) لە یاسای ژمارە (٣٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ یاسای رۆژنامەگەریی لە کوردستان.

[2] برگەی (١٥)دا لە رێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٣ی وەزارەتی رۆشنبیری تایبەت بە کاری میدیایی لە هەرێمی کوردستان.

[3] رووماڵکردنی رووداوی کوشتنی گەنجێك لە کافتریایەکدا، بڕوانە ئەم بەستەرە کە لە ٦-٢٠٢٣/١/٧دا دا سەردانکراوە: https://www.media?attachment_id٣٣٧٦٦٦٨٩١٩٢٤١٧٥١&message_id=mid.٢٤%cAAAAAKfJu٠aL٩RspvGFw٩UwfQ٧Yb&thread_id=١٠٠٠٠٠٣٩٦١٧٦٢٤٧

یاسای سزادانی عێراقی ژمارە ( ١١١ ) سالی ( ١٩٦٩ ) هەموارکراو و بەرکار لە هەرێم"[1].

پێشـتریش لە ئاگادارییەکیانـدا، داواکـاری گشـتی، بـاس لەوە دەکـات کە چـاوپێکەوتن لەگەڵ کەسوکاری کوژراو بەتاوان دادەنرێت، لەبەرئەوەی کاریگەریی لەسەر ئاڕاستەی ڕای گشتی دەبێـت و دەبێتە هۆی نەمـانی مـتمانەی هاووڵاتییـان بە دادگـاو دامودەزگاکـانی حکـومەت، هەربـۆیە داوا لە میدیاو میدیاکارەکان دەکـات کە لەکـاتی ڕوومـاڵکردنی ڕووداوە نەخوازراوەکـانو بەتـایبەتی تـاوانی کوشـتن، لەکاتێکـدا دادگـاو لایەنە پەیوەندیـدارەکان سـەرقاڵی کـۆکردنەوەی زانیـاریو لێکـۆڵینەوەن، پابەندی یاساو ڕێنماییەکان بنو ڕەچاوی ئیتیكو کاری میدیایی بکەن[2].

ئەم ڕاگەیەنراوو ئاگادارییـانەی داواکـاریی گشـتی هەرێـم لەبـارەی بڵاوکـردنەوەی هەواڵەکـانی تـاوانەوە، لەلایەك ئامـاژەیە بـۆ بە دیـاردەبوونی بڵاوکـردنەوەی ئەم هەواڵانە، لەلایەکـیش بـۆ ئەو کاریگەرییە نەرێنیانەی روماڵاو بڵاوکردنەوەی ئەو جـۆرە هەواڵانەوە بـۆ سـەر دەسـەڵاتی دادوەریو لێکۆڵینەوەو رای گشتی، سەرچاوەی گرتووە، کە میدیاکان بەبێ ڕەچاوکردنی بەرپرسـیارێتی ئێتیکـیو یاسایی، هەموو زانیارییەك بڵاودەکەنەوە.

ئەوەی جێـی سـەرنجە، سـەرباری بـوونی ئەو پێشـێلکارییانە لەڕووی بڵاوکـردنەوەی زانیـاری دادوەریی، بەڵام نەبووەتە دۆسیەی یاسایيو نە لەلایەن دادواکاری گشتیو نە لەلایەن ئەو کەسانەی لەناو هەواڵو ڕاپۆرتەکانی رۆژنامەنوساندا، مافیان پێشێلکراوە، سکاڵا تۆمارنەکراوە، لەکاتێکـدا لەنێـو یاسا بەرکارەکاندا، دەقی روونو راشکاو هەیە بۆ بە تاوان دانی ئەم پێشـێبکارییە. جێـی ئامـاژەیە، کە سکاڵا تۆمارنەکردن لەسەر ئەم ئەم پێشێلکارییەو نەبوونی بە دۆسیەی دادگایی، دیوی ئەرێنـی هەیە، ئەویش سنوردارنەکردنی ئازدای کاری راگەیاندنو ئازای رادەربڕینە.

[1] ڕاگەیەنراوی سەرۆکایەتی داواکاریی گشتی، بڕوانە ئەم بەستەرە کە لە لە ٢٢-١-٢٠٢٣دا سەردانکراوە: https://www.facebook.com/KRG.PPP.Official/posts/pfbid0GQQ25KbeTKwJq7HZ4Vk2TUGyJyzMjdfZ9TLJWZymS5Pv2rf361gS41KccyfXo5A8l

[2] ئاگادارییەکی داواکاری گشتی بۆ میدیا بینراوو بیستراوەکان، بڕوانە ئەم بەستەرە کە لە ٢١-١٢-٢٠٢٢ سەردانکراوە: https://www.facebook.com/sulaymaniy.sandika/posts/pfbid٠٢uvztadscP٣CqNaq١cv٦ERywjQ٦SqqjdDN٥٧XKBXbjnfR٧BiHXePK١Ss١WkheTz٢Bl

## دەرئەنجام

١- بەخستنەڕووی چەند نموونەکی راستەقینە، ئەوە دەرکەوت کە لە میدیای کوردیدا بە گشتیو لە میدیای نوێ-دا بەتایبەتی، بڵاوکردنەوەی زانیاری لەبارەی لایەنە ناکۆکەکانی تاوان وەك: ناوو وێنەی تۆمەتبار، پێشینەو دانپیانانی تۆمەتبار، ناوو وێنەی تۆمەتباری مێردمنداڵ، وێنەی تاوانلێکراوو زانیاری لێکۆڵینەوەی دادوەریی، بوونی هەیە.

٢- بەگشتیو بە خوێندنەوەو راڤەکردنی دەقە یاساییەکان، بڵاوکردنەوەی زانیاریی لەبارەی لایەنە ناکۆکەکانی  تاوان هەیە،و لەڕووی یاساییەوە پێشلێکارییەو ئەگەری زیان گەیاندنی بە رەوتو رێکاریی پرۆسەی دادوەریی داوا تاوانکارییەکان هەیە.

٣-  یاسا بەرکارەکانی هەرێمی کوردستان، کەموکورتیان لەرووی دەقو بڕگەی تایبەت بە بڵاوکردنەوەی زانیاریی لەبارەی لایەنە ناکۆکەکانی تاوان هەیەو لەکاتی بوونی سکاڵا لەسەر رەنگە دادوەر ناچار بکات پەنا بۆ یاسا بەرکارەکانی دیکەی عیراق لە نموونەی یاسای سزادانی عیراقی ببات کە سزای بەندکردنیشی لەخۆ گرتووە.

٤- لەسەر پرسی بڵاوکردنەوەی زانیاری لەسەر لایەنە ناکۆکەکانی تاوان، هیچ بڕیارێکی دادوەریی لە هەرێمی کوردستان لەوبارەیەوە بوونی نیە یان بەردەست نیە، رەنگە ئەمەش بۆ نەبوونی هۆشیاری بێت لەوبارەیەوە، کە سکاڵا تۆمار ناکرێت.

## راسپاردەو پێشنیار

**- راسپاردە:**

١- پێویستە دەستەی کارگێڕی ئامڕازەکانی راگەیاندن بە گشتیو میدیای نوێ بەتایبەتی، وۆرکشۆپو خولی راهێنانی تایبەت بە هۆشیاری یاسایی بۆ میدیاکاران لەبارەی ئەو دەقو بڕگە یاساییانەی کە پەیوەستن بە  رومالکردنو بڵاوکردنەوەی هەواڵەکانی تاوانو دادگا، بکەنەوە.

٢- پێویستە یاسادانەران لەکاتی هەموارکردنەوەی یاسای رۆژنامەگەریی ژمارە (35)ی ی ساڵی 2007 یان دانانی هەر یاسایەکی دیکەدا، بڕگەو مادەی تایبەت بە بڵاوکردنەوەی هەواڵی تاوانو دادگا جێگیر بکەن، بە جۆرێك کە نەبێتە سنوردانان بۆ ئازادی رادەربڕینو رۆژنامەگەری.

٣- پێویستە وەزارەتی داد، لەبەر رۆشنایی یاسادا، کۆمەڵێك رێنمایی بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ هەواڵەکانی تاواندا دەربکات.

**- پێشنیار**

١- پێشنیار دەکەم توێژەران، توێژینەوەی لەبارەی کەموکوڕییەکانی یاسا بەرکارەکانی عیراقو هەرێمی کوردستان تایبەت بە بڵاوکردنەوەی هەواڵەکانی تاوانو دادگاو رێکارە دادوەرییەکانەوە، بکەن.

٢- پێشنیار دەکەم توێژەران توێژینەوە لەبارەی هۆکاری نەبوونو کەمی بڕیارە دادوەرییەکان سەبارەت بە بڵاوکردنەوەی زانیارییە دادوەرییەکانی پەیوەست بە لایەنە ناکۆکەکانی تاوانەوە بکەن.

## سەرچاوەکان


**یەکەم: سەرچاوە کوردییەکان**

-عەبدولقادر ساڵح عەبدول، هۆشیاری یاسایی رۆژنامەنوس لە روماڵکردنی هەواڵەکانی دادگادا، (سلێمانی: گۆڤاری دەراگاون، ژمارە (٢)ی بەهاری٢٠٢٢م).

**دووەم: سەرچاوە عەرەبیو وەرگێردراوەکان**

١- بسام عبدالرحمن المشاقبة، فلسفة التشريعات الاعلامية، (عمان: دار اسامة للنشر، ٢٠١٢).

٢- جمال الدين العطيفى، الحماية الجنائية للخصومة من تاثير النشر، (مصر: دار المعارف، ١٩٦٤م).

٣- جورج صدقة، الاخلاق الاعلامية بين المبادئ والواقع، (بيروت: مؤسسة مهارات، ٢٠٠٨م).

٤- حمد عبدلقادر حاتم، ديموقراطية الاعلام والاتصال، (القاهرة: الهيئة المصرية العامة للكتاب، ١٩٩٦).

٥- رون اف سميث، اخلاقيات الصحافة، ترجمة: محمد حامد درويش، (القاهرة:مؤسسة هنداوى، ٢٠١٨).

٦- سامان فوزى عمر، دراسات معمقة في قانون الإعلام، (سليمانى: من منشورات مكتبة يادگار،٢٠١٧م).

٧- سليمان صالح، اخلاقيات الاعلام، (الكويت: مكتب الفلاح للنشر والتوزيع، ٢٠٠٥).

٨- السيد بخيت، اخلاقيات العمل الصحفي، (الإمارات: دار الكتاب الجامعي، ١٠١١م).

٩- صالح مشارقة و اخرون، اخلاقيات الاعلام، الفلسطين: مركز التطوير الاعلام، ٢٠١٧م).

١٠- عبدالحميد الشواربى، الجرائم التعبيرية- جرائم الصحافة والنشر، ( المصر، دار الكتب والدراسات العربية، ٢٠١٨م).

١١- محمود محمد يوسف، حماية الخصومة الجنائية من تأثير الإعلام- دراسة مقارنة، اطروحة دكتورا منشورة، (الاسكندرية: دار الجامعة الجديدة، ٢٠٢١).

١٢- مصطفى احمد عبدالجواد حجازى، الحياة الخاصة ومسؤلية الصحفي، (القاهرة: دار الفكر العربي، ٢٠٠٠-٢٠٠١م).

**سێیەم: سەرچاوەی ئینگلیزی**

1- Elizabeth, M.Kelly et al.Maintaining Impartiality: Does Media coverage of trials need to be curtailed journal of civil rights and economic development, vol.10, Issue No2, USA, 1995.

2- G.levasseur, vingt deuxiemes jornees defens sosiale la publication dasns le prosess penal rapport indroductif, (francaise. Rev. sc. Crim.n2 1976).

3- Hunter, Julius K. and Gross, Lynne S. Broadcast News: the inside out,(USA: The C. V. Company,1980.

4- James D. Harless, Mass Communication and Introductory Survey, (USA:Wn. C. Brown Publishers, 1985).

5- Law Comission, contempt of court,( UK: LC publications,2015).

6- Philip H, Reportiong the news, Dood, ((USA: 4th ed Mead compony, 1985).
7- Rosa M C nbm m,lind C.Truitt, “Juvenile justice”, presstime, 1996, and Thayer and Pasternak,Op.cit.
8- Tim Crook, THE MEDIA LAW POCKETBOOK,( LONDON AND NEWORK: Routledge Taylor & Franis Group, 2023).

**چوارەم: سەرچاوەی فارسی**
1- ناصر كاتوزيان، يأس از اثبات و اصل برائت، (تهران: فصلنامه حقوق، شماره ٦٦، ١٣٨٣)..
٢- حمزه كرمى نقيبى و ديگران: تعاملى بر اثرگذارى رسانه در ارتكاب و پيشگيرى از جرم در پرتو جرم¬شناسى فرهنگى، مجله پژوهشنامه حقوق تطبيقى، دوره ٦، شماره ٢، پاييز ١٤٠١.

**پێنجەم: توێژینەوەکان**
١- ايهم حسنء د.بارعة القدسى، الحماية الجزائية للخصومة من تأثير النشرـ (سـورية- حمـص: مجلـة جامعة البعث، المجلد ٣٨-العدد٣-٢٠١٦).
٢- بلحاج يوسـف، الحماية القانونية للحق فى الصورة، مـذكرة للنيـل شـهادة الماجسـتير، كليـة الحقـوق والعلوم السياسة، الجزائر، جامعة الجلالى ليابس- سيدى بلعباس، ٢٠١٤-٢٠١٥.
3- خالد بن راشد بن محمد العدوى، اخبار الجريمة فى الصحافة العمانية: دراسة تحليلية لمضمون عينة من الصحف العربية اليومية، رسالة ماجستير غير منشورة، (عمان، جامعة السلطان قابوس، كلية الاداب والعلوم الاجتماعية، قسم الاعلام، 2014).
٤- العاقب عيسى، حماية حق الانسان فى صورتة، العراق، دراسات قانونية صـادرة عـن مركـرز البصـيرة للبحث والاستشارات والخدمات التعليمية، العد ١٦، ٢٠١٣.
٥- قدور فيروز، تأثير الاعلام الاجرامى على طلبـة الجـامعين، رسـالة ماجسـتير غـير منشـورة، ( الجزائـر: جامعة عبدالحميد بن باديس- مستغانم- كلية العلوم الاجتماعية، قسم علوم الاعلام والاتصـال، ٢٠١٣، ص٦٦.
٦- معتز الزهرى، الحق فى المعرفـة القضـائية واثـرة فى الخصـومة الجنائيـة، بحـث مقـدم لمـؤتمر كليـة الحقوق جامعة طنطا في المصر، بعنوان (القانون والاعلام)، ابريل ٢٠١٧.
٧- نبيل عبدالفتاح عبدالعزيز قوطة، الحق في الكرامة في منظـور القـانون الـدولي العـام، مصرـ مجلـة الدراسات القانونية والاقتصادية، المجلد ٩، العدد ٢، يونيو ٢٠٢٣.
٨- نجاة علمى، المعالجة الاعلامية للجريمة فى الصحافة الجزائرية الخاصـة- دراسـة تحليليـة و ميدانيـة، اطروحة دكتورا غير منشورة، الجزائر، جامعة محمد خيضر-بسكرة،كلية علوم الانسانية والاتصال، قسن الاعلام والاتصال، 2019م.
9- نوزاد احمد ياسين شوانى، اثر الاعلام على الشاهد فى الدعوى الجنائية، عيراق، مجلة جامعـة تكريـت للعلوم القانونية، المجلد 4 لسنة 4، العدد 15، عام 2012.

**شەشەم: سەرچاوەی ئەلکترۆنی**

١- نضال منصور، نشر صور المتهمين بين حقوق الإعلام و حقوق الإنسان، بڕوانە ئەم بەستەرە کە لە ٧-٤-٢٠٢٢دا سەردانکراوە:
https://www.alghad.com/Section-نشر صور المتهمين بين حقوق الإعلام و حقوق الإنسان
٢- بەستەری هەواڵ لە سۆشسال میدیای Kurdsat News، بڵاوکردنەوەی وێنەی تۆمەتباری داواکراو لەلایەن پۆلیسەوە، کە لە ٢٩-٩-٢٠٢٢ سەردانکراوە:
https://m.facebook.com/kurdsatnews/posts/pfbid02REEkq6dA39fShKPscSxKB7hEfPNWjvNP66ciKQv3XN85mte4pyZkEWuFUQhvChzCl?_rdr
٣- بەستەری هەواڵ لە پەیجی Diplomatic Magazine ، بڵاوکردنەوەی گرتەی ڤیدیۆیی تۆمەتباری داواکراو لەلایەن پۆلیسەوە، کە لە ١٤-١٠-٢٠٢٢دا سەردانکراوە:
https://www.facebook.com/watch/?v=908145660571463
٤- بەستەری رۆژنامەی Evening Standard، کە لە ١٧-٢-٢٠٢٣دا سەردانکراوە:
https://www.standard.co.uk/news/uk/bbc-fined-28000-contempt-high-court-case-judge-news-b918459.html?fbclid=IwAR1RHMATeCAmCkTZAJngMsJBEMY1lsvqQfMVWXuHdmzEaJRDJcW2jcOv8oI
٥- بەستەری جوڵانەوەی نەوەی نوێ کە لە ٩-٦-٢٢٢ سەردانکراوە:
https://ngmovement.com/history
٦- بەستەری هەواڵی لە ماڵپەڕی کەناڵی ئاسمانی گەلی کوردستان، دەزگای ئاسایشی هەرێم دانپێدانانی گیراوانی نەوەی نوێ بڵاودەکاتەوە، کە لە 4-3-2022دا سەردانکراوە:
https://www.gksat.tv/details.aspx?jimare=78481
٧- القاچي صباح الداوودی، هل يجوز نشر وعرچ الجرائم في وسائل الإعلام ؟! بڕوانە ئەم بەستەرە کە لە ٤-٣-٢٠٢٢دا سەردانکراوە: https://www.sjc.iq/view.67632/ .
٨- بەستەری وتارێکی یاسایی بەناونیشانی confession is not alwys the master of evidence کە لە ٢٥-٩-٢٠٢٢دا سەردانکراوە:
https://eg.andersen.com/confession-is-not-always-the-master-of-evidence/
9- بەستەری هەواڵی ئەشکەنجەدانی دوومێردمناڵ، کە لە 25-6-2022 سەردانکراوە:
https://xorkurd.net/%D8%A6%D8%A7%D8%B3%D8%A7%DB%8C%D8%B4%DB%8C-%DB%8C%DB%95%DA%A9%DB%8E%D8%AA%DB%8C-%D8%AF%D9%88%D9%88-%D9%85%DB%8E%D8%B1%D8%AF%D9%85%D9%86%D8%AF%D8%A7%DA%B5-%D8%A8%DB%95%D8%A8%DB%8E-%D8%AA%D8%A7%D9%88/.
10-بەستەری هەواڵی لە هەولێر سێ گەنج دەستدرێی دەکەنە سەر منداڵێك، کە لە 6-10-2022دا سەردانکراوە: https://www.youtube.com/watch?v=cwaIMDO3M_A

١١- بەستەری کۆنگرەی میلانۆ، Seventh United Nations Congress on the Prevention of Crime and the Treatment of Offenders, Milan, 26 August-6 September 1985، کە لە ٦-٩-٢٠٢٢دا سەردانکراوە:
https://digitallibrary.un.org/record/114498?ln=en&fbclid=IwAR3auexSYL4-C5a8nWVdhyxgU3Nyqt6O3IMpil_weJflBZEsBwRQhSksZYQ

١٢- بەستەری چیرۆکی دادگاییکردنی دەستدرێژیکارانی سێکسی، کە لە ٢-٢-٢٠٢٣دا سەردانکراوە:
https://www.esquire.com/entertainment/tv/a32585426/cheryl-araujo-trial-by-media-true-story/?fbclid=IwAR3x1YQdB8egif8vb9s72j2pH8tbgBZRIkNAI44li5oHYFhKqyWuy29VWHo

١٣-بەستەری رۆژنامەی نیۆرك تایمز کە لە رۆژی ٦-٢-٢٠٢٣دا، سەردانکراوە:
https://www.nytimes.com/1984/04/25/arts/cnn-plans-to-cover-sex-abuse-trial.html?fbclid=IwAR1oFAtDFCvDSrNEd5sypPiovBMpMAwIA4VVxWpp3LDGvsEgHN7rNo3trEQ

١٤- بەستەری هەواڵی چیرۆکی دەستدرێژکردنەسەر مناڵێکی کچو کوشتنی لە ماڵپەڕی - MEWDAMEDIA، کە لە ٧-١١-٢٠٢٢ سەردانکراون:
https://www.facebook.com/552540304934896/videos/%D8%B4672422907812418/?__so__=permalink&paipv=0&eav=Afaip-lWoHmk2at90UEHnEtOCWf5LEfoB_-3IiRi67w6zKNTeFKYoZXlYd1n68hs88w&_rdr

١٥- ماڵپەڕی ئەلکترۆنیی دەنگی ئەمریکا ((VOA، بڵاوکردنەوەی وێنەی باوکی کچێك کە دەستدرێژی کراوەتەسەری: - https://www.dengiamerika.com/a/kurdistan/4966686.html

١٦- چەناڵی یوتوبی RUDAW، سێ کەس دەترێژی دەکەنە سەر کچێکی حەوت ساڵان:
-https://www.youtube.com/watch?v=ZPeHVlN3F2k

١٧- بەستەری روماڵکردنی رووداوی کوشتنی گەنجێك لە کافتریایەکدا کە لە ٦-٧/١/٢٠٢٣دا دا سەردانکراوە:
https://www.facebook.com/messenger_media?attachment_id٣٣٧٦٦٦٨٩١٩٢٤١٧٥١&message_id=mid.٢٤%cAAAAAKfJu٠aL٩RspvGFw٩UwfQ٧Yb&thread_id=١٠٠٠٠٠٣٩٦١٧٦٢٤٧

١٨- بەستەری راگەیەنراوی سەرۆکایەتی داواکاریی گشتیە لە ٢٢-١-٢٠٢٣دا سەردانکراوە:
https://www.facebook.com/KRG.PPP.Official/posts/pfbid0GQQ25KbeTKwJq7HZ4Vk2TUGyJyzMjdfZ9TLJWZymS5Pv2rf361gS41KccyfXo5A8l

١٩- بەستەری ئاگادارییەکی داواکاری گشتیەوە بۆ میدیا بینراوو بیستراوەکان، کە لە ٢١-١٢-٢٠٢٢ سەردانکراوە:
https://www.facebook.com/sulaymaniy.sandika/posts/pfbid٠٢uvztadscP٣CqNaq١cv٦ERywjQ٦SqqjdDN٥٧XKBXbjnfR٧BiHXePK١Ss١WkheTz٢Bl

**حەوتەم: یاساکان**

١ -یاسای ژمارە (٣٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ی رۆژنامەگەریی لە کوردستان
٢- رێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٣ی وەزارەتی رۆشنبیری
٣- یاسای ژمارە (١٤)ی ساڵی (٢٠٠١) یاسای دیاریکردنی تەمەنی جینائی لە هەرێمی
٤ - قانون العقوباتي العراقي رقم (١١١) لسنه ١٩٦٩
٥- قانون حمايه حق المؤلف رقم ٣ لسنه ١٩٧١ العراق
٦- قانون رعايه الاحداث رقم (٧٦) لسنه ١٩٨٣-عراق
٧ -قانون العقوبات المصرى رقم ٥٨ لسنه ١٩٣٧ معدل
٨ -قانون الاجرائات الجنائيه المصريه رقم ١٥٠لسنة ١٩٥٠ معدل
٩ -یاسای ئازادی رۆژنامەوانیی فەرەنسی ١٨٨١ی هەموارکراو Loi du 29 juillet 1881 sur la liberté de la presse-
١٠ -یاسای١٩ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٠ی فەرەنسی بۆ رێکخستنی ئیستیغلالکردنی وێنەی منداڵانی خوار ١٦ ساڵ لە پلاتفۆرمە ئۆنلاینەکان بۆ مەبەستی بازرگانی
١١ -یاسای مناڵانو نەوجەوانانی ئینگلیزی.(Children and Young Persons Act 1933)
-13- Article 35- Loi du 29 juillet 1881 sur la liberté de la presse.
١٢- یاسای پاراستنی گریمانەی بێتاوانی و مافی قوربانیان لە فەرەنسا Loi n° 2000-516 du 15 juin 2000 renforçant la protection de la présomption d'innocence et les droits des victimes - Légifrance (legifrance.gouv.fr)
١٣- یاسای رەفتاری پەیوەندیو خێزان لە فەرەنسا Article R266-3 - Code de l'action sociale et des familles - Légifrance (legifrance.gouv.fr) L.266-3, alinea 2.